



# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٨٤)- (١٣)ی ئەیلول ٢٠٢١


## بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران

# کاندیدانی پارتی هەڵبژێرن

لەپێناو دادپەروەری و یەکسانی لەبەردەم یاسادا،
دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدە



## لە پێناو کۆتاییهێنان بە ڕەوشی ناجۆری ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین

## بۆ ئەوەی ماف و بودجە و مووچەی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێن دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتییە

## بۆ نەهێشتنی هەڕەشە لەسەر کوردانی ئێزدی و دابینکردنی ماف و قەرەبووکردنەوەیان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین

## لە پێناو ئازادکردنی تەواوی ڕفێندراوانی ئێزدی و زانینی چارەنووسیان دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

## لە پێناو بایەخدان بە کوردانی ئێزدی، زەردەشتی، شەبەک، فەیلی و کاکەیی و مافەکانیان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

## دوێنێی بەرگریی و ئەمڕۆی سووربوون لەسەر ماف و ئازادییەکان، وا دەکەن دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەین




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com



# سەرۆک بارزانی

**لە کەرنەڤاڵی بانگەشەی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا:**

## هەڵبژاردن ڕاسترین و باشترین ڕێگەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەک کە لە دەسەڵاتدا بکرێت


عێراق

**ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠٢١، بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بە فەرمی ڕاگەیاند. لەم کەرنەڤاڵەدا سەرۆك بارزانی پەیامێکی پێشکەش کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوشك و برایانی بەڕێز. هەڤاڵانی تێکۆشەر..

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ڕۆژی ١١ی ئەیلوول کە ڕۆژێکی یەکجار پیرۆزە، ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ کاندیدەکانمان ڕابگەیەنین، شۆڕشی ئەیلوول، نەك شۆڕشێکی چەکداری بوو، بە تەنیا، بەڵکو شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، شۆڕشی دروستکردنی تاکی کورد بوو، شۆڕشی دروستکردنی بڕوا بوو لە ناو میللەتێك کە بزانێ خاوەن قەزیەیە و چۆن بەرگری لە قەزیەی خۆی بکات و، پلانی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە.

**شۆڕشی ئەیلوول، نەک شۆڕشێکی چەکداری بوو، بە تەنیا، بەڵکو شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، شۆڕشی دروستکردنی تاکی کورد بوو، شۆڕشی دروستکردنی بڕوا بوو لە ناو میللەتێک کە بزانێ خاوەن قەزیەیە و چۆن بەرگری لە قەزیەی خۆی بکات و، پلانی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە**

شۆڕشی ئەیلوول بوو بە پەناگە بۆ هەموو تێکۆشەر و پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق، حیکمەتێکی گەورەی سەرکردایەتیی شۆڕش هەبوو، کە دروشمی سەرەکی ئەوە بوو: «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»، شۆڕشی ئەیلوول بناغەی هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازە لە دوای ساڵی ١٩٦١ و تا ئەمڕۆ و بۆ ئایندەش، هەر بناغەی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، شۆڕشی ئەیلوولە، قوتابخانەیەکی گەورەیە، قارەمانی زۆر گەورەی پێگەیاند و، دەستکەوتی گەورەشی بۆ گەلی کوردستان بەدیهێنا، لە هەمووشی گەورەتر ئەوە بوو میللەتێکی هۆشیار کردەوە و بووە میللەتێکی خاوەن بڕوا بەخۆبوو، کە ئەوە لە هەموو شتێك گەورەترە.

**بناغەی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، شۆڕشی ئەیلوولە، قوتابخانەیەکی گەورەیە، قارەمانی زۆر گەورەی پێگەیاند و، دەستکەوتی گەورەشی بۆ گەلی کوردستان بەدیهێنا، لە هەمووشی گەورەتر ئەوە بوو میللەتێکی هۆشیار کردەوە و بووە میللەتێکی خاوەن بڕوا بەخۆبوو، کە ئەوە لە هەموو شتێک گەورەترە**

مانگێك ماوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی، هەر چەندە ئێمە زۆر تێبینیمان هەبوو لەسەر یاسای هەڵبژاردن و لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگاکان، کە هیچ عەدالەتێك و ئینسافێکی تێدا نییە و لەسەر هیچ بنەمایەکی ڕاستیش نییە، چونکە سەرژمێری نەکراوە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بۆ ئەوەی سەنگی پارتی بپارێزین، بڕیارمان دا بەشدار بین، بە هەموو کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردن کە هەیەتی.

داوای ئێمە و داوای هەموو خەڵکی عێراق ئەوەیە هەموو لایەنەکان کە بەشدار دەبن لە هەڵبژاردن، دەبێت هەڵبژاردنێکی بێگەرد و خاوێن و بێت و تەزویری تێدا نەبێت، ئەوە داخوازی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، هەموان تەئکیدیان کردووە کە بە هەموو توانایەکەوە هەوڵدەدەین کە هەڵبژاردنێکی پاك و خاوێن بێت. ئومێدەوارین کە سەرکەوتوو بن لەوە، وەعدیشیان داوە کە چاودێرییەکی توند بکرێت، بۆ ئەوەی تەزویر نەکرێت، ئومێدەوارین سەرکەوتووبن لە ئەرکەکەیاندا.

هەڤالان. بێگومان هەڵبژاردن ڕاستترین و باشترین ڕێگەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەك کە لە دەسەڵاتدا بکرێت، پارتی خۆی خاوەنی بیرۆکەی هەڵبژاردنە، هەمووتان لە بیرتانە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕینی گەورە لە شاری کۆیە، ئەو بانگەوازەمان ئاراستەی هەموو جیهان و گەلی کوردستان کرد، کە دەمانەوێ هەڵبژاردن بکەین، لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە بچین بۆ شەرعییەتی دەستووری و قانوونی بە هەڵبژاردن، ئەوە، نە کەس فەرزی کردبوو لەسەر ئێمە، باوەڕیش ناکەم ئەو کاتە کەس بیری لەوە کردبێتەوە، بەڵام ئەوە بۆ ئێمە وەکو

پارتی، مەسەلەیەکی مەبدەئی و قەناعەتە، ئێستاش ئێمە دەڵێین هەر ئاڵوگۆڕییەك لە دەسەڵاتدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە ڕێگەی دیموکراسییەوە بکرێت، بەڵام بە کودەتا ئاڵوگۆڕی ناکرێت.

لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، پارتی نەك لەسەر ئاستی هەرێم، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراق بوو بە حزبی ژمارە یەك، بێگومان ئەمە ئەنجامی ماندووبوون و زەحمەتی قیادە و کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی بووە، بەڵام لەبیرتان نەچێ، پاداشتی گەلی کوردستان بوو بۆ پارتی، بۆ هەڵوێستە نەگۆڕ و نەتەوەییە ڕاست و دروستەکانی پارتی.

ئومێدەوارم ئەمجارەش پارتی هەروا بە سەرکەوتوویی لەم هەڵبژاردنە دەربچێت و، هەر بمێنێتەوە بە حزبی ژمارە یەك، هەموو حزبێکیش هەقی خۆیەتی هەوڵ بدات، حزبی یەکەم بێت، ئەو حەقە هی پارتییشە بێگومان، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانە بپارێزین، داوا دەکەم هەموو ڕێکخستنەکانی پارتی بە جۆش و خرۆشێکی تازەوە بێنە مەیدان، داوا لە هەموو کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دەکەم، هەموو دڵسۆزان بەشدار بن لە هەڵبژاردن، چونکە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە.

داوا دەکەم ڕێکخستنەکانی پارتی پابەندبن بە ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن. داوا دەکەم ئەمن و ئاسایش و هێمنی بپارێزن و خۆتان دوور بگرن لە تەشهیر و شتی لابەلا.

هەڤاڵانی پارتی. هەروەها خوشك و برایانی بەڕێز و خۆشەویست. خەڵکی کوردستان. ڕەنگە گلەییتان هەبێت، هەقی خۆشتانە، بەڵام ئەمرۆ ڕۆژی ئەوەیە گلەییەکان بەلاوە بنێن، گلەییەکان هەڵبگرن بۆ دوای هەڵبژاردن، هەقی خۆتانە هەرچی بۆ ئەوە بکرێت کەمە، بەڵام نابێت گلەییەکان ببنە هۆکاری ئەوەی دەرفەت بدەن بە خەڵکی دیکە پارتی تووشی خوانەخواستە شکستێك ببێت، یان نسکۆیەك ببێت، لەبەر ئەوەی دڵگیرن، لەبەر ئەم مەسئوول و فڵان مەسئوول، ئەمە هەموو حەقی خۆتانە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا دەبێت هیممەت بکەن، پارتییەکەی خۆتان ڕابگرن و سەربخەن و نەهێڵن هیچ کەموکورییەك بێتە پێش پارتییەکەتان.

لەناوخۆشمان لە کوردستان، تەمەننا دەکەین هەموو لایەك بەخۆدا بچنەوە لە جیاتی ئەوەی هەوڵی یەکترشکاندن و یەکترلەناوبردن بدەن، بیر لەوە بکرێتەوە چۆن پێکەوە ئیش بکەین بۆ نەتەوەکەمان و خەبات بکەین، چۆن ئەو هەموو تەحەددییاتەی لەپێشمانە بەرامبەریان بوەستین، لەگەڵ بەغداش زۆرمان پێخۆشە چارەسەری هەموو گیر و گرفتەکان بکرێت، بە تەفاهوم و لەسەر بنەمای شەراکەت و سازان و هاوسەنگی، ئەگەر وا نەبێت، مەشاکل هەر بەردەوام دەبێت، زۆر شێوەش ئەزموون کراون لە عێراق، من پێموایە کاتی ئەوە هاتووە زۆر بە جددی بیر لەوە بکرێتەوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو گرفتانە بکرێت.

مەسەلەی بودجە. ئەمە بەڕاستی یارییەکی زۆر هەرزانە، بودجە مافی هەموو خەڵکە، کێشەی گەلی کوردستان مووچە نییە بە تەنیا، مووچە کێشەیەکە لە کێشەکان، ئێمە خاوەن قەزیەیەکی سیاسیین، ئێمە نەتەوەیەکین، کێشەی هەرە سەرەکی مەسەلەی شەراکەتە، شەراکەتیان نەهێشت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بچینە قووڵایی کێشەکان، ئەوەش بەوە چارەسەر دەبێت کە دەبێت بە تێگەیشتن و شەراکەت بیر لە چارەسەری جددی بکرێتەوە، دوور لە عاتیفە و تەعەسوب.

من دەزانم خەڵکێکی زۆر نیگەرانن لە ئایندە. بێگومان هەموو میللەتێك هەقی خۆیەتی بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، من ناڵێم حکومەتی هەرێم، پەرلەمان بێ کەموکوڕی بوون، بەڵام ئەمە تەقریبەن سی ساڵە، کەموکوڕی هەبووە، بەڵام شتی

**ئێمە زۆر تێبینیمان هەبوو لەسەر یاسای هەڵبژاردن و لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگاکان، کە هیچ عەدالەتێک و ئینسافێکی تێدا نییە و لەسەر هیچ بنەمایەکی ڕاستیش نییە، چونکە سەرژمێری نەکراوە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بۆ ئەوەی سەنگی پارتی بپارێزین، بڕیارمان دا بەشدار بین، بە هەموو کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردن کە هەیەتی**

**داوای ئێمە و داوای هەموو خەڵکی عێراق ئەوەیە هەموو لایەنەکان کە بەشدار دەبن لە هەڵبژاردن، دەبێت هەڵبژاردنێکی بێگەرد و خاوێن و بێت و تەزویری تێدا نەبێت**

**پارتی خۆی خاوەنی بیرۆکەی هەڵبژاردنە، هەمووتان لە بیرتانە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕینی گەورە لە شاری کۆیە، ئەو بانگەوازەمان ئاراستەی هەموو جیهان و گەلی کوردستان کرد، کە دەمانەوێ هەڵبژاردن بکەین**



**داوا دەکەم هەموو ڕێکخستنەکانی پارتی بە جۆش و خرۆشێکی تازەوە بێنە مەیدان، داوا لە هەموو کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دەکەم، هەموو دڵسۆزان بەشدار بن لە هەڵبژاردن، چونکە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە**

زۆر گەورەش کراوە، ئەوانەی کە داوای گۆڕانکاری دەکەن، زۆر باشە، بەڵام هەروەها کوێرانە داوا دەکەن، ئەوە نابێ بمێنێت و دەبێت ئەوە بڕوات، بەڵام دەبێت جێگرەوە و بەدیل هەبێت، ئێمە ناڵێین ئەوەی هەیە بێ کەموکوڕییە، بەڵام با هەوڵبدەین هەموو پێکەوە ئەو کەموکوڕییانە نەهێڵێن، باشتری بکەین.

خۆی میللەتێك دەبێت نیگەران بێت لە ئایندەی خۆی کە ئیرادەی نەبێت و نەشزانێت چی دەوێت، ئێمە میللەتێکین ئیرادەمان هەیە و دەشزانین چی دەکەین، خەڵکی دیکە چی دەڵێن، یان بۆ خۆیان چۆن تەفسیری دەکەن، کەیفی خۆیانە، ئەو کاتەی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا، سەرۆك بایدن ئەو کات جێگری سەرۆك ئۆباما بوو، تەلەفۆنی کرد، پرسیاری کرد ئەگەر ئێمە یارمەتیی ئێوە بدەین، ئێوە بەرگری دەکەن، ئەگەر نایکەن و پێتان ناکرێت، پێم بڵێن، بۆ ئەوەی ئێمە کۆنسوڵخانەی خۆمان بکشێنینەوە، من پێمگوت جەنابی جێگری سەرۆك، ئێوە یارمەتیی ئێمە بدەن، یان نا، ئێمە بەرگری دەکەین، ئێمە تەسلیمی هیچ تیرۆریست و زۆردارێك نابین، بەڵام ئەگەر یارمەتیی ئێمە بدەن، ئەرکمان ئاسانتر بێت و قوربانیدانمان کەمتر بێتەوە، سوپاستان دەکەین، بەڵام ئەگەر هاوکاریشمان نەکەن، ئێمە ئیرادەی بەرگریمان هەیە و بەرگری دەکەین و مەحاڵیشە بهێڵین دوژمن کوردستان داگیر بکات.

بۆ هەموو دنیا سەلمێنرا، پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆڕاگریی میللەتەکەمان، بوون بە نموونە، ئەو ڕۆژە باڵیۆزی فلیپین گوتی: ناوی پێشمەرگە موقەددەسە لە وڵاتەکەی، جاران لە فلیپین کەس نەیدەزانی کورد هەیە، ئێستاش گەلی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە، هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە هەموو کێشەکان بە ئاشتی و تەفاهوم چارەسەر



بکرێت، بەڵام بەشی ئەوە ڕۆڵەی دڵسۆز و تێکۆشەر هەن، بەشی ئەوە پێشمەرگەی قارەمان هەن، کە بە هیچ جۆرێك نەهێڵین جارێکی دیکە کوردستان بکەوێتە دەستی بێگانە.

سوپاس بۆ خوا، ئێستا ڕەوشی پێشمەرگە لە هەموو ڕووییێکەوە جیاوازە لەگەڵ جاران، بەڵام هیچ کاتێك بژاردەی شەڕ ڕاست و دروست نییە، مەگەر بەسەر ئێمەدا فەرز بکرێت، ئەگەر فەرز کرا، لە هەر لایەنێکەوە بێت، من پەیمانی ئەوەتان دەدەمێ ئێمە ئامادەین بەرگری بکەین.

من ئومێدەوارم کە لەمەودوا سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، زیاتر بیر لەوە بکەنەوە کە خزمەتگوزارییەکی باشتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکرێت، لە هەمووشی گرنگتر گرنگییەکی زۆر زیاتر بە پەروەردە بدرێت، جاران دوژمنان پەلاماری ئێمەیان دەدا بە تانك و تۆپ و فڕۆکە و بەرگری دەکرا، جاری وا هەبوو خەسارەتیشمان دەدا، بەڵام ئێستا دوژمن پەلاماری ئێمە دەدا بە شێوەی دیکە، بە ئامرازی دیکەی ترسناك، لە هەمووشی خراپتر و ترسناکتر ئەوەیە وایان کردووە تا ڕاددەیەکی زۆریش سەرکەوتوون بن، ئینتیمای گەنجیان بۆ وڵاتەکەیان کەم کردووە، کە ئەوە مەترسییەکی یەکجار گەورەیە، کە دەبێت پەروەردە لە کلاسی یەکەمی سەرەتاییەوە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، لەمەودوا دەبێت نەوەی داهاتوو وا پەروەردە بکرێت، کە گیانفیدایی بۆ نیشتمان و قوربانیدان لە پێناوی گەل و نیشتمان دەبێت زۆر هەرزان بێت، گیان دەبێت هەرزان بێت لەو پێناوەدا.

لە کۆتاییشدا سڵاوی گەرم دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو گەلی کوردستان. هەر سەرکەوتوو بن و بمێنن بە خێر و خۆشی.

**هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە هەموو کێشەکان بە ئاشتی و تەفاهوم چارەسەر بکرێت، بەڵام بەشی ئەوە ڕۆڵەی دڵسۆز و تێکۆشەر هەن، بەشی ئەوە پێشمەرگەی قارەمان هەن، کە بە هیچ جۆرێک نەهێڵین جارێکی دیکە کوردستان بکەوێتە دەستی بێگار**

# ئەیلوولی شۆڕش و دەستکەوت
# ئەیلوولی هەڵبژاردن و سەرکەوتن

**سەرۆک مسعود بارزانی بە هەمان گیانی خەباتی پێشمەرگانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکات و، بووەتە ئەو ڕێبەرەی کە هەموو ڕێگەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای سەرۆک بارزانی**

**سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی شکۆ و پێگەیەکی ئەوتۆی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە لە زۆر ڕووەوە هاوتایە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیع**

هاوکات لەگەڵ ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ی ئۆکتۆبەری داهاتووی عێراق دەست پێ دەکات. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزە گەورە و کاریگەرەی دینەمۆی شۆڕشی ئەیلوول بوو، کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد، کە گەورەترین شۆڕشی سیاسی و چەکداری و سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان بووە و، بە دروشمی «کوردستان یان نەمان»، بڕوابەخۆبوونی بۆ تەواوی هاووڵاتیانی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە گەڕاندەوە، ئەمەش بووە بنەمایەکی بەهێز بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

ئەمڕۆ کە لەم بۆنە پیرۆزەی شۆڕشی ئەیلوولدا، بە شانازییەوە هەڵمەتی بەرفراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق دەست پێ دەکەین، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی بارزانی-ی نەمر ڕێبەرایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیان کردووە و، هەموو ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بۆ کوردستان بەدیهاتوون، درێژەپێدانی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستانە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، لە ئێستاشدا کە سەرۆك مسعود بارزانی بە هەمان گیانی خەباتی پێشمەرگانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکات و، بووەتە ئەو ڕێبەرەی کە هەموو ڕێگەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای سەرۆك بارزانی، سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی شکۆ و پێگەیەکی ئەوتۆی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە لە زۆر ڕووەوە هاوتایە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیع.

ئەم هەڵبژاردنە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی پارتی ئەرکێکی قورس و گرانی لەسەر شانە، ئەم ئەرکە قورس و گرنگە داوامان لێ دەکات بە گیانی پێشمەرگانەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردن ڕۆڵی خۆمان بگێڕین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان و ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز، هەر بە بەرزی بمێنێتەوە و پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بەهێزتر بێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشتبەستن بە خوا و هێزی لە بن نەهاتووی جەماوەرەکەی، بە



## کاکەمین نەجاڕ

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر

بۆ گوڵان دەینووسێت

تەنیا و بێ هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی بەشداریی هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری داهاتووی عێراق دەکات، بەڵام دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، پارتی دیموکراتی کوردستان هەم لەسەر ئاستی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەوێتە گفتوگۆ، بۆ ئەوەی بە تەبایی و یەکڕیزی لە بەغدا نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان بکرێت، هەم لەسەر ئاستی عێراقیش دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، تەنیا خاڵی گرنگیش وەك سیاسەت و ستراتیژ لای پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراقە و جێبەجێکردنی دەستوور و گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و، هەروەها دروستکردنی هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە لە عێراقدا.

هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر و گۆڕانکاری بەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هاتووە، پارێزگاکان بە سەر چەندین بازنەدا دابەش بوون، کاندیدەکانیش لە چوارچێوەی لیستی حزبەکاندا نین، بۆیە ئەمەش ئەرکی سەرشانمان قورستر دەکات و، دەبێت هۆشیارانە جەماوەری خۆمان ئاراستە بکەین و لەسەر ئاستی بازنەکان زانیاریی دروستیان بخەینە بەردەست، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دەنگەکانمان پەرش و بڵاو نەبن و زۆرترین کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربچن.

لە کۆتایی ئەم پەیامە کورتەدا، جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پارتی پارێزەری خاك و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانە، ئەندامان و لایەنگران و جەماوەری پارتی دەبێت لەوە ئاگادار بن کە ئەرکی سەرشانیان لەم هەڵبژاردنە زۆر قورسە و، ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە بۆ پێداگری لەسەر دەستوور و چەسپاندنی زیاتری مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا، هەر بۆیە چەند هێز و پێگەی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا بەهێز بێت، ئەوا ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا لە دەستێکی ئەمیندا دەبێت.

هەزاران سڵاو بۆ شەهیدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و تەواوی شەهیدانی کوردستان، سەرەوریان مستەفا بارزانی و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

**پارتی ئەرکێکی قورس و گرانی لەسەر شانە، ئەم ئەرکە قورس و گرنگە داوامان لێ دەکات بە گیانی پێشمەرگانەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردن ڕۆڵی خۆمان بگێڕین**

**هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر و گۆڕانکاری بە سەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هاتووە، پارێزگاکان بە سەر چەندین بازنەدا دابەش بوون، کاندیدەکانیش لە چوارچێوەی لیستی حزبەکاندا نین**



# پەیام و بەرنامەی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

## بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی
## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



## پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین پارتی نیشتمانی و دیموکرات لە کوردستان، هەر لە سەرەتاوە، ئێمە لەپێناو ئازادیی تاک و مافی نەتەوەیی و نیشتمانیدا خەباتمان کردووە و تێکۆشاوین.

تاوەکو ئەمڕۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوامە لە خەبات لەپێناو مافە نیشتمانییەکانی کورددا.

ئێمە لەڕێگەی بەهێزکردنی دامەزراوەی مۆدێرن و بەرپرسیار و دیموکراتەوە، لەناو عێراق و هەرێمی کوردستان هەوڵی بەدیهێنانی مافە نیشتمانییەکان دەدەین.

لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ دراوسێکان و دۆستە نێودەوڵەتییەکانماندا، بە پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە کار بۆ مافە نیشتمانییەکانی هەمووان دەکەین، ئەو دەستوورەی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی خەڵك، خاك و سەروەریی دەپارێزێت.

ئێمە یەکەم پارتی نیشتمانیی دیموکراتیین لە کوردستان، ئێمە پارتی دیموکراتی کوردستانین.

پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك هەمیشە، قووڵ و ڕەگداکوتاوە بەنێو مێژوو و قۆناغ و ئەزموونەکاندا، پەیامێکە کە پێی وایە دیموکراسی دەبێتە هۆی یەکدنگکردن و یەکهەڵوێستکردنی هەموان لە پێناو چارەسەری کێشەکاندا، چارەسەری کێشە سیاسییەکان کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانی میللەتدا. بە باوەڕێکی پتەو و چەسپاو بە دیموکراسی، ئازادی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئێمە بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەکەین و، داواش لە خەڵک و دڵسۆزانی ئازیز دەکەین بە پەرۆشەوە بچنە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدەن.

داوا لە دەنگدەرە دڵسۆز و ئازیزەکانمان دەکەین دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی ڕۆحی شەهیدەکانمان ئاسوودە بن و دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان هەر لە دەستە ئەمینەکەدا بمێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی خاک، مرۆڤ، ماف و دەستکەوتە شەرعییەکانی کوردستان بە پارێزراوی بمێننەوە.

## جەماوەری خۆشەویست.....
## دەنگدەرانی دڵسۆز...

هەموومان بە شەبەنگ و ڕووناکی دیموکراسی و باوەڕبوون بە ڕوانگەیەکی روونی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها بەرۆحی پێشمەرگە و بە دروشمی (بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران، پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە) بەشداری لەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازەدا دەکەین، پشتیوانیی بەهێز بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین پارتی دیموکرات لە کوردستان، لەم هەڵبژاردنەدا، وا دەکات مێژوومان زیاتر بەرجەستەکراو بێت و ساتەکانیش بەرهەمدارتر و داهاتووشمان گەشتر بێت. لەبەرئەوە، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لە کەرنەڤاڵێکی ڕەنگاوڕەنگی نیشتمانیدا، داواتان لێدەکەین دەنگبدەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان؛ پارتێکی ڕاستگۆ کە پارێزگاری لە دۆزی گەلی کورد دەکات. ئێمە بە جددی کار بۆ هەر دەنگێک دەکەین لەپێناو بەهێزکردنی دەستمان لە بەغدا بۆ پاراستنی مافی کوردستانیان.



# بەرنامەی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
# بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١

پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێکە لە حزبە هەرە ڕەسەنەکانی عێراق و هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، وەک هەمیشە مکوڕبووە لەسەرکێشە دیموکراسیەکەی لە عێراقدا و بەستنەوەی بەخەباتە ڕەوا نەتەوەییەکەیەوە، هەروەها هەمیشە و ئێستاش کاراکتەرێکی گرنگە لە پرسە نیشتمانییە عێراقییەکان، لە سۆنگەی پتەویی و نەگۆڕیی هەڵوێستە مەبدەئییەکانی لەو پرسە چارەنوسسازانەی وڵاتەکەی پێوەبەندە.

پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگربووە لەسەر ئەوەی پەناگەیەک بێت بۆ هەموو ئازادیخوازە عێراقییەکان، ئەو ئازادیخوازانەی لە دەستی ستەمی سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا هەڵاتوون، بەجۆرێک کە جێگەی شیاوی خۆیان بێت و پێشێل نەکرێت لەڕووی کارگێری و حکومرانی وڵاتەکە و سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و نەتەوەییەوە.
ئێمە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، لەپێناو بەرفراوانکردنی پانتایی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی و فیدراڵی بەشداری دەکەین لەسەر بنەمای دابەشکردنێکی دادوەرانەی دەسەڵات و سامان، هەروەها دەستەبەرکردنی دەرفەتەکان بەیەکسانی بۆ هەموان و بونیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی و یاسا و پابەندبوون بە دەستوور.

پارتی، بەرەچاوکردنی ئایندەی عێراق و پاراستنی بڕیارە سەربەخۆییە نیشتمانییەکەی، هەوڵ دەدات بۆ پشتیوانیکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازیی کردەنی و بەرهەمدار، بۆ بەدەستهێنانی خواست و ویستەڕەواکانی گەلی عێراق لەڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویست و بنەڕەتییەکان. هەروەها فرەجۆر کردنی ئابوورییەکەی و دابینکردنی دەرفەتی کار و باشکردنی بواری ئیداریی و پتەوکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت.جگە لەوەش داوا دەکات ئاوارەکان بە کەرامەتەوە بگەڕێنەوە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان.

بە ڕەچاوکردنی پرۆسە و لێکەوتەکانی هەڵبژاردن ئێمە داوا دەکەین ئەو پرۆسە گرنگە دادوەرانە و شەفاف و بێگەرد بێت و لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێت.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

کە لیستی دێرینترین و بە ئەزموونترین پارتی کوردستان و عێراقە، خاوەنی زۆرترین دەستکەوت و شانازییە،

خەبات دەکات لە پێناو:




## پێگەی کوردستان له عێراقدا

● پیادەکردنی دەستوور بە تەواوی ماددە و بڕگەکانییەوە، کە تاکە زامنی بەردەوامیی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی خاك و گەل و سەروەریی عێراقە و، پابەندبوون بە تەواوی دەقەکانی، کە لەسەر پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوسەنگی و سازان دارێژراوە.

● پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە گیانی یەکڕیزیی کوردستانییەوە، تا بشێین گرفتە چارەسەرنەبووەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایش چارەسەر بکەین.

● لەڕێگەی میکانیزمە دەستوورییەکانەوە، خەبات دەکەین لە پێناو گەڕاندنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستان، ئەویش بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق و میکانیزمەکانی: (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، ڕاپرسی) و، کۆتاییهێنان بە ڕەوشی ناجۆری ئەو ناوچانە و قەرەبووکردنەوەی خەڵکە خۆشەویستەکەی.

● کۆتاییهێنان بە ڕەوشی شێوێندراوی شاری کەرکووك و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان و، ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکە دڵسۆزەکەی و قەرەبووکردنەوەیان.

● هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان و قەرەبووکردنەوەی خانەوادەکانیان بەباشترین شێوە و ئاوەدانکردنەوەی هاوچەرخانەی ناوچەکانیان.

## نیشتیمانێک بۆ هەمووان

- وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان.
- عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و ئاینییە، دەبێت بە کردەیی ڕێز لە نەتەوە، ئایین، ئایینزا و ئایدیا جیاوازەکان بگیرێت و پانتایی کار و ئازادییەکانیان دابین بکرێت و یاسا پارێزگارییان لێ بکات، بۆیە لەو پێناوەدا شێلگیرانە کار دەکەین و تا وەدیهێنانیان ناوەستین.
- داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و کارگێڕی و کلتوورییەکانی تورکمان، کلدان سریان، ئاشووری، ئەرمەن و سابیئە مەندائییەکان.
- شنگال، خەڵك و خاکەکەی ئازیزن، کار دەکەین لە پێناو کۆتاییهێنان بەڕەوشی ناجۆری ژیانیان و، قەرەبووکردنەوەیان بەباشترین شێوە.
- بایەخدان بە کوردانی ئێزدی، زەردەشتی، شەبەك، فەیلی و کاکەیی و، ڕێزگرتن لە کلتوور و تێگەیشتنە هزرییەکانیان و دابینکردنی مافە دەستوورییەکانیان.
- بایەخدان بە پێکەوەژیانی ئایینیانەی هاوچەرخ و، ڕێزگرتن و کۆتاییهێنان بە هەموو توندڕەوییەکانی ئایینی و مەزهەبی، کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ژیان و ئازادیی هاووڵاتییان.
- کار دەکەین لە پێناو بەڕێوەچوونی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا.



## ئابوورییەکی خۆشگوزەران

● خەبات دەکەین لە پێناو دابینکردنی ماف، بودجە، مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان؛ هەر لێرەوەیش ڕێز لە خۆڕاگری و پشوودرێژیی هاوڵاتییان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەگرین و، بە پێزانینەوە سوپاسیان دەکەین.

● کارکردن لە پێناو یاساگەلێکی وا، کە دەبنە مایەی پتەوکردنی کۆڵەگەکانی دەوڵەت، وەك یاسای دامەزراندنی دەستەی باڵای مافەکانی هەرێم و پارێزگاکان، یاسای دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتەکان و یاسای نەوت و غاز.

● بایەخدانی پتر بە بواری تەندروستی و دامەزراوە تەندروستییەکان، بەتایبەت نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا و پێدانی ڤاکسین، تا گیانی هاووڵاتییان پارێزراو بێت.

● بایەخدانی زیاتر بە خزمەتگوزاری لە بوارەکانی ئاو، کارەبا و خاوێنڕاگرتنی شار و شارۆچکەکان.

● بایەخدان بە ڕەخساندنی هەلی کار بەتایبەتی بۆ لاوان، بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامەی قەرز بۆ کار و پرۆژەکانیان ڕێک بخرێت.

● بایەخدانی پتر بە جۆری ئەو خۆراکانەی دابەش دەکرێن لە ڕووی کوالێتی و فرەجۆرییەوە و گرنگیدانی تایبەت بە خۆراکی منداڵان.

● بایەخدان بە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، هەروەها کارەبا و کشتوکاڵ.





- کار دەکەین لە پێناو چاکسازی لە سەرجەم بوار و سێکتەرەکاندا، بە تایبەت لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و کلتووردا.
- کارکردن لە پێناو چاکسازیی میدیاییدا، بەتایبەت دابینکردنی پانتاییەکانی ئازادیی بیروڕا و لە پاڵیشیدا

## دەوڵەتێکی هاوچەرخ

ڕێگەگرتن لە ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن بە مرۆڤ و تایبەتمەندییە کەسییەکانی.

- خەبات دەکەین لە پێناو نەهێشتنی گەندەڵی و بە سزاگەیاندنی گەندەڵکاران.
- ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراق، ئەو دەستتێوەردانانەی، کە شوناسی سیاسیی عێراق دەخەنە ژێر پرسیارەوە.
- پشتگیریکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی فیدراڵی عێراق، تا باشترین پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی جیهان ببەستێت.
- کار دەکەین لە پێناو بێلایەنکردنی سوپای عێراق و، ڕێگریکردن لە بە میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەی عێراق و، کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو میلیشیایانەی کە لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانن و، بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییان.
- دابینکردنی سەرجەم ماف و شایستەکانی پێشمەرگەی کوردستان و، ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەك سیمبولی ئازادی.

لە پێناو ئەم ئامانجانەدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەمووان، کار دەکەین تا عێراق ببێتە عێراقی هەمووان، بۆیە داوا لە دەنگدەرانی خۆشەویست دەکەین، بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لەوێ بە ویژدانەوە، بە ئاوڕدانەوە لەو مێژووە کە پڕە لە شانازی، بە بینینی ئەمڕۆ کە پڕە لە جەسارەت و سووربوون، بە ئایینده‌بینییەوە، کە پڕە لە خەونی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، بۆ داهاتوویەکی گەشی پڕ لە دڵنیایی و ئارامی و، بەدوور لە هەرچەشنە دڵەڕاوکێ و ترسێك.

## بەڵێ..
## ڕۆژ ڕۆژی سەرکەوتنە و دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.








# بانگەشەی هەڵبژاردن بەپێی یاسای ژینگە و ڕێنماییە ژینگەییەکان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

هەرچەندە چەمکی دیموکراسی کۆنە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە ڕۆژی ١٥ ئەیلوولی وەك ڕۆژی جیهانیی دیموکراسی ناساند.

دیموکراسی بەهایەکی جیهانییە و پشت بە ئیرادەی گەلان دەبەستێت، کە ئازادانە گوزارشت لە ڕای خۆیان دەکەن و، سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان دیاری دەکەن و، بەشداریی تەواویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەکەن.

لەو ڕۆژەوە نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەتەکان هان دەدات، بۆ بەهێزکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتی و











هەرێمایەتییەوە دیموکراسی چەسپاوتر دەکەن، بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییە پۆزەتیڤانەی کە دەکرێت وەك داهێنان چاویان لێ بکرێت، لە بواری باشتر بە دیموکراتیزەکردندا.

هەموو هاووڵاتییەکیش گرنگە بە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاشنا بێت، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگانەی وەك: مافە دەستوورییەکانم چین؟ بۆچی دەنگ دەدەم؟ چۆن کاریگەریم هەبێت لەسەر خاوەن بڕیارەکان؟ پێشبینیی چی دەکەم لەو پاڵێوراوانەی هەڵیان دەبژێرم؟

ئەم پرسیارانەو هاوشێوەکانیان پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و ڕۆژنامەنووسان و قوتابخانە و زانکۆکانەوە، چونکە ناکرێت کەلتوورێکی بەردەوامی دیموکراتییانە هەبێت، بەبێ بوونی هاووڵاتییەکی هۆشیار.

دەستووری هەمیشەیی عێراقیش کە لەساڵی (٢٠٠٥)دا، زۆرینەی دەنگدەرانی عێراق بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ دا، بۆ یەکەمین جار



لە دەستوورێکی هەمیشەیی و پەسند کراودا، لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە ژینگە جێگەی خۆی کردەوە، لە ماددەی (٣٣)دا، بەم جۆرە:

یەکەم: هەموو کەسێك مافی ژیانی هەیە لە ژینگەیەکی سەلامەتدا.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و زیندە جۆرەکان و پاراستنیان لەئەستۆ دەگرێت.

بۆیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان دوو مافی دەستووریدا، کە یەکەمیان دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و، دووەمیشیان مافی هەموو کەسێکە بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا، هەروەها پاڵپشت بە ماددەی ١٦ لە بەشی شەشەمی یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی پاراستن و چاککردنی ژینگە، پێویستە لایەن و قەوارە سیاسییەکان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، پابەندی ئەم بابەتە ژینگەییانە بن:

١- لافیتە و نووسینەکانیان لەسەر قوماش و کاغەز بن، نەك لەسەر فلیکس و نایلۆن، کە دواجار بە ئاسانی شی نابنەوە و زیان بە زۆرێك لە گیانەوەران و ڕووەك و خاکمان دەگەیەنن.

٢- پۆستەرەکان بە تێپ جێگیر بکرێن، نەك بە سیکۆتین، هەروەها بزمار بەکار نەهێنن بۆ داکوتینی لافیتە لەسەر درەختەکان و، بەلافیتەش درەختەکان دانەپۆشرێن، چونکە بەم کارە زیان بە درەختەکان دەگات و، کرداری ڕۆشنەپێکهاتنیش کێشەی بۆ دروست دەبێت.

٣- لە هەڵبژاردنی شوێنی هەڵواسینی لافیتەکانیاندا جوانبینی و پاراستنی هەستی بینین ڕەچاو بکەن، چونکە بە هەڕەمەکی هەڵواسین، دەبێتە هۆی شێواندنی هەستی بینین.

٤- زیادەڕەویی نەکەن لە بەهەدەردانی کاغەز و کارتۆن، چونکە بە شێوەی سەرەکی کاغەز و کارتۆن بەرهەمی بڕینەوەی درەختەکانن.

٥- وەك بانگەشە، ماددەی پلاستیکی و نایلۆنی نەدرێتە دەنگدەر، لە حاڵەتی گردبوونەوەی جەماوەرییشدا پێویستە هەڵسووڕاوانی هەمان لیست دەبەی ئاو و پاشماوەی شتەکان کۆبکەنەوە، چونکە خاشاك زیان بە ژینگە و مرۆڤ دەگەیەنێت.

٦- بەکارنەهێنانی پارکە گشتییەکان و باخچەی نێو گەڕەکەکان بۆ بانگەشە.

٧- بەکارهێنانی شاشەی گەورەی ئەلیکترۆنی و تەلەفزیۆنی لە شوێنە گونجاوەکاندا.

٨- بە بەردەوامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان حزبە سیاسییەکان ئاگادار









بکاتەوە، لەو سزا داراییانەی کە لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی یاساکانی ژینگە و شارەوانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٩- هاندانی لیستەکان بۆ زیاتر بەکارهێنانی سایدە ئەلیکترۆنی و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

١٠- کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی ئەو لایەن و قەوارە سیاسییانە ئاشکرا بکات، کە پابەندی یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکان نابن.

١١- خۆدوورگرتن لە بەکارهێنانی قافڵەی ئۆتۆمبێل، وەك شێوازێکی بانگەشە، چونکە بەکارهێنانی هۆڕن زیان بە هەستی بیستن و باری دەروونیی هاووڵاتیان دەگەیەنێت و، دووکەڵی ئەگزۆزیش زیان بە کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

١٢- کۆمیسیۆن هاوکار بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکاندا، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییە ژینگەییەکان بکەن.

١٣- کۆمیسیۆن بە هاریکاری لەگەڵ میدیاکاندا، هەوڵ بدات بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتەکانی ژینگەپارێزی لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردندا.



**دڵشاد میران**

**سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار بۆ گوڵان:**

# لە بەغدا خەڵکی کوردستان پێویستیان بەو لایەنە سیاسییە هەیە، کە لە پرسە نیشتمانییەکاندا هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە

# پارتی هێزی سەرەکی و زامنی یەکڕیزیی حزبە کوردستانییەکان دەبێت لە پەرلەمانی عێراق

**لە ئێستادا سەرنجەکان لەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق چڕبوونەتەوە، بەتایبەتی کە لایەنە بەشداربووەکان بە گوڕ و تینەوە دەستیان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن کردووە، هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسەیە و ئەگەر و پێشبینییەکانی پەیوەست بەو ئاکام و گۆڕانکارییانەی ئەم پرۆسەیە بە دوای خۆیدا دەهێنێت و، بەشداریی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنانە و پرسی پێگە و ڕۆڵی کورد لە عێراقدا، بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دڵشاد میران سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار.**







*** لە ئێستادا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا بەرەو چڕبوونەوە دەچن، کە ئاشکرایە هەڵبژاردنێکی گرنگ دەبێت و، لایەنەکانیش بەشداریی کارای تێدا دەکەن، وەکو سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکارێکی پێشووی عێراق چۆن لەم هەڵبژاردنانە دەڕوانیت؟**

- ئاشکرایە هەموو هەڵبژاردنێك بە ئاست و ڕاددەی جیاواز گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام پێم وانییە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەتایبەتی کە یاسای ئەمجارەی هەڵبژاردن و دابەشکردنی بازنەکان لە بەرژەوەندیی حزبە گەورەکانە، ئەو حزبانەی سەرمایەی دارایی و مەعنەویی گەورەیان لەبەردەستدایە و توانای ئەوەیان هەیە کە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی پێشوو بکەن و، بگرە دەستکەوتی زیاتریش بەدەست بهێنن. حزبە

گەورەکانی عێراق خاوەنی جەماوەر و ئەندام و لایەنگری خۆیانن و ماکینەیەکی میدیایی فراوانیان هەیە، لەماوەی مانگێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانن خۆیان کۆبکەنەوە و ئەندام و لایەنگران جەماوەری خۆیان ساز و ئامادە بکەن، بەو ئاقار و ئاڕاستەیەیدا ببەن کە دەیانەوێت، کەواتە تێڕوانینی من و زۆربەی چاودێرانی سیاسیی شەقامی عێراقیش ئەوەیە، ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی گەورەو ستراتیژیی لێ ناکەوێتەوە و، تەرازووی هێز بەو ڕاددە گەورەیە ناگۆڕێت کە هەندێك کەس و لایەن چاوەڕوانی دەکەن.

*** ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسساز نەبێت و، گۆڕانکاریی گەورە بەدوای خۆیدا نەهێنێت، کەواتە تەحەدداکانی بەردەم کورد لە جێبەجێکردنی مادده دەستووری و یاساییەکان و، بەدەستهێنانی شایستە داراییەکان لە ناوخۆی عێراقدا هەر دەمێنێت، ئایا بۆ ئێمەی کوردستانی و حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەم هەڵبژاردنە چی دەگەیەنێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە بەدەستهێنانی کورسییەکی زۆر و یەکگرتوویی کورد لەبەغدا، چەندە پرسێکی گرنگە، بە هەمان شێوە ئەو کەسایەتییەی کە دەبێتە سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق، بەتایبەتی کە لەم کابینەیەدا کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراوی وەکو ماددەی ١٤٠ی دەستووری و ماف و شایستە داراییەکانی کوردستان و زۆر پرس و بابەتی دیکە ماونەتەوە و بۆ کابینەی نوێ گوازراونەتەوە، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە بۆ گەلی کوردستان، ئەوەیە کە لەم هەڵبژاردنەدا هیچ یەکێك لە حزبە سیاسییەکانی عێراق ناتوانن زۆرینە بەدەست بهێنن، لەم ڕوانگەیەوە هیچ حزبێك ناتوانێت ببێتە هێزی سەرەکی کە بتوانێت بە تەنیا حکومەت پێك بهێنێت، هەر بۆیە دەبێت دوای نیشتنەوەی تەپوتۆزی هەڵبژاردنەکان، لەگەڵ حزبە سەرەکییەکانی کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بکەونە دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت و دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی نوێ، کە لەم ڕووەوە هەموو ئەگەرەکان کراوەن، لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی هەر سێ پێکهاتەی سەرەکیی عێراق لە شیعە و کورد و سوننە، ڕەنگە لەسەر کەسێکی وەکو کازمی، یان هەر خودی کازمی خۆی ڕێك بکەون، تا پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە زۆر گرنگە لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان بە یەکگرتوویی و تەبابییەوە بچنە بەغدا و داکۆکی لەمافی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆ کورد گرنگە لە ئێستاوە پشت بەچەند لایەنێکی سیاسیی گەورەی شیعە و سوننە ببەستن، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ڕێك بکەون بۆ دیاریکردنی نەخشەی نوێی دوای هەڵبژاردن.

*** کەواتە گەلی کوردستان پێویستی بە حزبێکی بەهێز و گەورەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی لە لایەك زامنی یەکڕیزیی هێزە کوردستانییەکان بکات لە بەغدا و، لەلایەکی دیکەشەوە دانوستانکارێکی سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان بێت؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی سەرەکییە لەپەرلەمان عێراقدا و زامنی یەکڕیزیی هێزە کوردستانییەکانی دیکەیە لەبەغدا، بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، بەڵام ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا ئەم یەکڕیزییە بەدی نەیەت، ئەوا ئەرکی سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان قورستر دەبێت، ئەزموونەکانی ڕابردوو سەلماندوویانە کە هەمیشە پارتی هەوڵیداوە پارێزگاری لە هێڵە نیشتمانییەکان و لە دەستکەوتەکان و داکۆکی لە مافی ڕەوای گەلی کوردستان بکات و، لەم ڕووەوە سازشی کردووە، لەپێناو یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکاندا و بەجددی کاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا و شایستە داراییەکان و بەدەستهێنانی بەشە بودجەی خەڵکی کوردستان و، دابینکردنی مووچەی مووچەخۆران. بەداخەوە کەسانی دیکە و لایەنی سیاسی هەبووە لە بەغدا، دژی ئەم ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییە پیرۆزە ڕاوەستابوونەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی سلێمانی و لێدوانەکانی پەیوەست بە زەرووەرتی کارکردنی پێکەوەیی لە بەغدا ئاراستەیەکی باش و ئومێدبەخشە بەوەی سیاسەت ڕێچکەی تەندروست و سرووشتیی خۆی وەربگرێتەوە و، هەموان لە بەغدا

**حزبە گەورەکانی عێراق خاوەنی جەماوەر و ئەندام و لایەنگری خۆیانن و ماکینەیەکی میدیایی فراوانیان هەیە، لەماوەی مانگێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانن خۆیان کۆبکەنەوە**

**ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی گەورەو ستراتیژیی لێ ناکەوێتەوە و، تەرازووی هێز بەو ڕاددە گەورەیە ناگۆڕێت کە هەندێک کەس و لایەن چاوەڕوانی دەکەن**

**لەم هەڵبژاردنەدا هیچ یەکێک لە حزبە سیاسییەکانی عێراق ناتوانن زۆرینە بەدەست بهێنن، لەم ڕوانگەیەوە هیچ حزبێک ناتوانێت ببێتە هێزی سەرەکی کە بتوانێت بە تەنیا حکومەت پێک بهێنێت**

سیاسەت لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلی کورددا بکەن، بەغدا گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان نییە، تا حزبە کوردستانییەکان ململانێ و ناکۆکییەکانی خۆیان ببەنە ئەوێ، دواتر هەندێ لایەن پێیان وایە ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا ئازاری پارتی دەدەن، لە کاتێکدا ئەوان بیانەوێت و نەیانەوێت بەو شێوازە سیاسەتکردنە ئازاری گەلی کوردستان و خەڵکی دەدەن، ئازاری مووچەخۆران و شایستە داراییەکانی جووتیاران و خەڵکی کوردستان دەدەن، بیانەوێت و نەیانەوێت دەکەونە بەرەی دژ بە خەڵکی کوردستان، هەر بۆیە پارتی بەردەوام لەپێناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا جەختی لەسەر یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد کردووە و ئەمەشی وەك بابەت و پرسێکی چارەنووسساز سەیر کردووە، نەك وەك مەسەلەی حزبایەتی .

*** تاچەند گرنگە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردندا لە ناوزڕاندن و هێرشکردنە سەر یەکتر دوور بکەونەوەو، پێکەوە کار بۆ پلان و بەرنامەیەك بکەن کە لە بەغدا پێکەوە خزمەت بە گەلی کوردستان بکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئێستا ئەگەرێکی زۆر هەیە کە هێزە میلیشا چەکدارەکان و لایەنە سیاسییە توندڕەوە نەیارەکان دژ بە پرسی نەتەوەیی کورد ڕۆڵێکی زیاتریان لەبەغدا هەبێت و، زیاتر کاری ساختەکاری ئەنجام بدەن بۆ دەرچوونی ئەو کاندیدە توندڕەوانە، ئەمانە ڕۆڵێکی باشیان نییە و لە ڕابردووشدا کاریان بۆ بێهێزکردنی کورد و مافەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق و تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەبووە، هەر بۆیە لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر خەڵکی کوردستان لەبەغدا پێویستیان بە کاندیدی ئەو لایەنە سیاسییە هەیە، کە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا هەڵوێستی بەرچاو و جوامێرانەی هەبووە و، لەم پێناوەشدا شەهید و قوربانیی داوە، چونکە بوونی ئەو کاندیدانە لە بەغدا داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی خەڵکی کوردستان دەبن، ئەمەیە جیاوازیی نێوان هەڵبژاردنی عێراق و هەڵبژاردنی کوردستان، کە خەڵکی دەبێت هۆشیار بن بەم








**جەماوەری کوردستان و تەنانەت حزبە کوردستانییەکانیش لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە سەرۆک بارزانی و پاراستنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە، بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە لەبەغدا بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بین**

ڕاستییە. ئەگەر لەدوای هەڵبژاردنەکان هەرسێ حزبە سەرەکییەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی و گۆڕان پێکەوە لە بەغدا کار بکەن، بزانە کورد چ پێگە و هێزێکی بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ و پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەبێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی دەنگێکی جێگیر و نەگۆڕە و، لە بازنەکانی پارێزگاکانی کوردستان، بەتایبەتی لەهەولێر و دهۆك زۆرینەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە بازنەکانی دیکەی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ـە، بە کەرکووك و مووسڵ و دیالە و تەنانەت بەغداشەوە، ئایا بە بوونی ئەو میلیشیا چەکدار و لایەنە سیاسییە توندڕەوانەی کە لە بەغدا دژی پرسی کوردن، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تاچەند دەتوانن لە بازنەکانی ئەو پارێزگایانە دەنگ بەدەست بهێنن؟**

- ڕاستە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو هێزانەی دژی کوردن، بەتایبەتی میلیشیا چەکدارەکان لە کەرکووك و مووسڵ و دەشتی نەینەواو دیالە و پارێزگاکانی دیکەی ناوەڕاست و بەغدا، هەوڵ بدەن کۆسپ و تەگەر دروست بکەن بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت دەنگێکی باش بەدەست بهێنێت لە ناوچانە، بۆیە زۆر پێویستە هێزە کوردستانییەکان پێکەوە بە یەکگرتوویی و تەبایی لەم ناوچانەدا کار بکەن و، کار بۆ ڕێککەوتنەکانی شنگال و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك بکەن و، لەدوارۆژدا ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکان ببنەوە، پێویستە لەم هەڵبژاردنەدا حزبە کوردستانییەکان بە یەکریزی و تەبابییەوە کار بکەن لەم ناوچانەدا، ئەگەرچی بە یەك هاوپەیمانێتییش بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن، پێویستە کورد زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە وڵاتانی ئیقلیمی لە یەکتر نزیك دەبنەوە و بەرژەوەندییەکانیان لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی لە ئەفغانستانیش ڕووی دا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هونەری





گۆڕانکارییەکاندا کەم نەبوو، گەلی کوردستانیش هەردەم گەلێکی مەزڵووم و چەوساوە بووە، هێزەکانی ناوچەکە بەردەوام چاویان لە هەموو ئەگەرێکە بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان، بۆیە جەماوەری کوردستان و تەنانەت حزبە کوردستانییەکانیش لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە سەرۆك بارزانی و پاراستنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە، بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە لەبەغدا بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بین، چونکە چاودێرانی سیاسی پێشبینی گۆڕانکاریی زیاتر لە ناوچەکە دەکەن، بەتایبەتی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە دەبێت ئێمەی کورد زۆر وشیار بین و ئامادە بین بۆ هەر گۆڕانکارییەك کە لە زیانی گەلی کوردستان بێت، لەمەشدا سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی پێگەی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەورە وڵاتانی جیهاندا.







## پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شوکری زاویتەیی بۆ گوڵان:

# زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕێزیان لە پێکهاتە ئایینییەکان گرتووە

**لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شوکری زاویتەیی، شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکانی فقهی ئیسلامی و شەریعەت و توێژینەوە لە قورئانی پیرۆز، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد لە بوارەکانی پێکەوەژیان، بەتایبەتی کە جەنابیان ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوایە و ئەندامی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامە و، خاوەنی ٢٠ توێژینەوەی جیاجیایە لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، تێیدا چەندین لێکۆڵینەوە و بابەتی لەسەر پێکەوەژیان لە ئیسلامدا هەیە، جگە لەوەی سەرپەرشتیی چەندین توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرای کردووە، هاوکات ئەندامی چەندین ڕێکخراو و یەکێتیی نێودەوڵەتیی زانایانی ئیسلامە، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**



*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بووە، ئایا لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- جیهان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە پێکەوەژیانی ئایینی و لێبووردەیی هەیە، ئەمەش بەو پێیەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو کات زیاتر لە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە نزیکن و، شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تەکەنەلۆژیا هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم کۆمەڵگەکانی هەڵگرتووە و، هەمووان لەناو گوندێکی گەردوونیی بچووکدا بەریەك کەوتنیان هەیە، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بەدەستهێنانی ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران پێویستیمان بەوە هەیە کە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی دەوڵەمەند بکەین. ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئامانجێتی مرۆڤایەتی بە ئاشتی و ئارامی پێکەوە بژین، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستیمان بەوە هەیە کە لێبووردە بین بەرامبەر یەکتر و، دەستبەرداری ناکۆکی و ڕق و کینە و فیتنە و ئاشوب و کوشتار بین، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر بەرامبەر یەکتر لێبووردە نەبین و دژی پێکەوەژیانی ئایینی بین، ئەوا هەموو دیاردەیەکی ناشیرین و قێزەوەن ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەمەش هەمووی سەلمێندراوە کە لە پێش هاتنی پەیام و لە دوای گەیشتنی پەیامی ئیسلامیش، خودای گەورە و میهرەبان پێغەمبەرمان (د.خ) وەکو ڕەحمەتێك بۆ دنیا و مرۆڤایەتی بووە، واتە بۆ موسڵمان و ناموسڵمان

و ئایین و ئایینزاکان و ڕەگەزی نێر و مێ و چین و توێژەکان و منداڵ و گەورە و هەموو نەتەوەکان، پێغەمبەرمان (د.خ) زۆر گرنگی بەم بەها بەرزەی دەدا و، دواتر بووە بنەمایەکی گەورەی شارستانییەتی ئیسلامی لە سەردەمی بووژانەوەی تا ڕۆژی قیامەت، ئایینی ئیسلامی پیرۆز ئەو ئایینەیە کە ڕێز لە ئایینەکانی دیکە دەگرێت و ڕێگای بە ئایین و ئایینزاکان داوە کە لە سایەی دەوڵەت و شارستانییەتی ئیسلامیدا، بۆنە و یادە ئایینییەکانی خۆیان بکەن و، بەردەوامی بە ئایینەکانی خۆیان بدەن. بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان وا پێویست دەکات پابەندی دادپەروەری و کاری خێر و هەندێك جار دەستبەرداری مافە تاکەکەسییەکانیش بین و، ڕەچاوی کاری باشە لەگەڵ یەکتر بکەین. خودای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: «وَجَزَاء سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ» هەر خۆی لەخۆیدا خودا بە پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ».

لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەو پێکەوەژیان و لێبووردەییە ئایینییە هەبووە، ئەگەر لێرە و لەوێش هەندێك جار گرفت و کێشە هەبووبێت، ئەوا بۆ هزر و ئایدیۆلۆژیای تەکفیری دەگەڕێتەوە، کە توندڕەوی و توندوتیژی وەك هەر شوێنێکی دیکە لەم دواییانەدا هاتە ناو کۆمەڵگەی کوردیشەوە، وەکو هزری گرووپە توندڕەوەکانی داعش و هاوشێوەکانی، سوپاس بۆ خودا کە ڕێگە نەدرا هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا توندوتیژییانە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگایان ببێتەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی پارێزگای دهۆك کە چەندین ئایین و ئایینزای وەکو مەسیحی و ئێزیدی هەیە و، لەگەڵ برا موسڵمانەکانیاندا دەژین، بێ ئەوەی حاڵەتی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی یەکتر ڕووبدات، لە کاتێکدا ئەم پێکەوەژیانە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق نەماوە، لەمەشدا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا دیار و بەرچاوە، کە پەروەردەی هزری ڕاستەقینەی ئیسلام بوون لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانی کوردستان.

*** زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت**





لە پێناو
چەسپاندنی دیموکراسی
و عێراقێکی ئارام و
سەقامگیردا، دەنگ
بە کاندیدانی پارتی
دیموکراتی کوردستان
بدە

**و تەکیە و خانەقاکانی کوردستاندا هەڵکەوتوون و، ڕێبەرایەتییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، هەمووشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان(د.خ) کردووە بە دروشم کە دەفەرموێت: (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە)، ئایا شەرعییەتی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی نیشتمان لە ڕوانگەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە جگە لە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی، هاوکات زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشداریی بەرچاویان لە هەموو شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کوردستان هەبووە و، هانی موسڵمانانیان داوە کە خاك و نیشتمانیان خۆش بوێت و پاڵپشتییان لە سەرکردە کوردەکان کردووە، نزیکەی زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان شێخ و مەلا و ئەهلی مزگەوت بوون، هەربۆیە سەرکردەکانی کورد ڕێزیان لە کەمینەو پێکهاتە ئایینییەکان گرتووە و پێکەوەژیانی ئایینییان لەکۆمەڵگەی کوردستاندا دەوڵەمەند کردووە، چونکە پێکەوەژیان لە ئەسڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و خودای گەورە و دلۆڤان و پێغەمبەرمان (د.خ) جەختیان لەسەر کردووەتەوە، پێغەمبەرمان (د.خ) کاتێك لە مەدینە بوو، جولەکە و مەسیحییەکان لەوێ بوون، هەموو پێکەوە دەژیان و ڕێگایان لە کەس نەدەگرت کە پەیڕەوی ئایینەکەی خۆی بکات، هەر لەسەر ئەم هزرە جوانەی ئیسلام سەرکردە کوردەکان کە ئەهلی تەکیە و مزگەوت و خانەقاکانی کوردستان بوون، پێکەوەژیانیان لە کوردستان دەوڵەمەند کردووە و کردوویانەتە کولتوورێکی ڕەسەنی کوردستانی. پێغەمبەر (د.خ) لە سەرەتای پەیامی ئیسلامدا ئایەتی قورئانی پیرۆزی بۆ هاتە خوارێ کە دەفەرموێت: «وأنذر عشيرتك الأقربين» واتا سەرەتا نەتەوە و میللەتی خۆت ڕزگار بکە لە خراپەی دنیا و ئازاری قیامەت، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە پرسی نەتەوە لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە هەبووە و هەر دەمێنێت، وەك (الأقربون أولى بالمعروف). واتا سەرەتا خێزان و کەسوکار و نەتەوە و زمانحاڵی خۆت، ئینجا هەموو موسڵمان و بەشەرییەت، بە مەرجێك دژ بە ئایەتی قورئانی پیرۆز نەبێت.

*** سالآنێکە بە هۆکاری سیاسی بێت، یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی موسڵمانیەتیی کوردستان هاتووەتە کوردستانەوە، ئەویش دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامیی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

- ڕاستە ئایدیۆلۆژیای دوور لە کۆمەڵگەی موسڵمان و کوردستان هاتووەتە ناو کۆمەڵگەکەمان و، تەنانەت کاریگەریی خراپیشی کردووەتە سەر هزری ڕاستەقینەی ئیسلام و میانڕەوی و پێکەوەژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەك چۆن لە دەقە پیرۆزەکانی قورئاندا هاتووە: «يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ»، واتە دەیانەوێت تەشویشی ناو و ناوبانگی ئیسلام بکەن، بەڵام ئیسلام هەر سەرکەوتووە و کاریگەریی لێ ناکرێت.

*** کەواتە ئەرکی سەرشانی زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لەسەر مینبەرەکان دەبێت چی بێت و، چۆن پارێزگاری لەو مێژووە دەکەن کە زانایانی ئیسلامی پێش ئێوە لە کوردستان دروستیان کردووە؟**

- ئەرکی سەرشانی هەموو زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامە کە پارێزگاری لە مێژوو و هزری ڕاستەقینەی ئیسلام بکەن و، ڕێگە نەدەن هزری توندڕەوی و توندوتیژی زاڵ بێت بەسەر جوانی و پیرۆزیی ئایین و کۆمەڵگەکەماندا، بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی ئەرکێکی پیرۆزیان لەسەر شانە، ئەویش دەوڵەمەندکردن و دیاریکردنی ئەم بەها بەرز و پیرۆزەیە بۆ گەنجەکانمان، بەوەی ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبووردەییە و، توندوتیژیی لە ئیسلامدا نییە و دوای ئەو هزرە هەڵە و دوور لە ئیسلامە نەکەون، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش ئاسانە، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر» وە لەسەر پێکەوەژیان دەفەرموێت: «لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين».

**ئەگەر بەرامبەر یەکتر لێبووردە نەبین و دژی پێکەوەژیانی ئایینی بین، ئەوا هەموو دیاردەیەکی ناشیرین و ڤێزەون ڕووبەڕوومان دەبێتەوە**

**بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان وا پێویست دەکات پابەندی دادپەروەری و کاری خێر و هەندێک جار دەستبەرداری مافە تاکەکەسییەکانیش بین و، ڕەچاوی کاری باشە لەگەڵ یەکتر بکەین**

**ئەرکی سەرشانی هەموو زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامە کە پارێزگاری لە مێژوو و هزری ڕاستەقینەی ئیسلام بکەن و، ڕێگە نەدەن هزری توندڕەوی و توندوتیژی زاڵ بێت بەسەر جوانی و پیرۆزیی ئایین و کۆمەڵگەکەماندا**

پەیڕەوکردنی ئەم میانڕەوی و بەرز و جوانییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، لە کاتی هێرشی داعشەکان بۆ سەر هەموو خەڵقی خودا، بەتایبەتی بۆ سەر کوردانی ئێزیدی، مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەرگای مزگەوتەکانیان بە ڕووی کوردانی ئێزیدیدا کردەوە و، فریای لێقەوماوان و منداڵ و ئافرەت و پیاوانی بەتەمەن و گەنجەکانی ئێزیدی کەوتن و، تەنانەت داوای کۆکردنەوەی هاوکاری و خێریان کرد و پارێزگاریکردن لە ژیان و بژێوی ئەو ئاوارانەیان بە واجبێکی پیرۆزیان لە قەڵەم دا، لە کۆتاییدا حیسابی هەموو مرۆڤایەتی و ئایین و ئایینزاکان لای خودایە و، بۆ هیچ موسڵمانێك نەهاتووە حەق و حیساب لەگەڵ هیچ ئایین و ئایینزایەکدا بکات، ئێمە هەموو مرۆڤین لەگەڵ یەکتر بۆ پێکەوەژیان، هەر کەس لە ئێمە بیروباوەڕمان بە عەقیدەی خۆمان هەیە، بەڵام نابێت دەستێوەردان لە ئایین و ئایینزاکانی دیکە بکەین، یان دژایەتییان بکەین، چونکە ڕق و کینە لە ئیسلامدا نییە و خودای گەورەو میهرەبان قەدەغەی کردووە کە ڕق و قین و دڕندەیی بەرامبەر مرۆڤ بکرێت، ئەوەندە بەسە خوای گەورەو میهرەبان پێمان دەڵێت: «لا إكراه فی الدین»، ئەم ئایەتە کاتێك هاتە خوارەوە کە گلەیی لە پێغەمبەر (د.خ) کرد، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان فشاری لەسەر قورەیشییەکان دەکرد تا بێنە ناو ئیسلامەوە، خودای گەورەو میهرەبان پێی فەرموو: «وَلَوْ شَاءَ رِبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ»، لە کۆتایی ئایەتەکەدا پێی فەرموو: «لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِر»، تەنانەت لە ڕۆژی قیامەت زوڵمی مرۆڤ بۆ مرۆڤ مەجالی لێبووردەیی تێدا نییە، مەگەر کەسە مەزڵوومەکە عەفووی بکات، چونکە ئەوە لە کوفر و شیرك و زوڵم وشەی زوڵم لە هەمووی بەهێزتر و مەترسیدارترە، هەرچەندە شرکیش جۆرێکە لە زوڵم، بەڵام لەم زوڵمەدا بەدەست خوایە عافووی بکات، یان نا، بەپێچەوانەی زوڵمی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤە.






# کوردستان گەورەترین هێلانەی ئارامی و پێکەوە ژیانە



**ناز فەلەکەدین کاکەیی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری بە سیما و سرووشتی فرەڕەنگی و فرەناوچەیی ناسراوە، کورد بە گشتی خاوەن پانتاییەکی دێرینی مێژوو و کەلتووورە، ئەوەی کوردی پێ دەناسرێتەوە، ئەو فرەئایینی و ئایینزاییەیە کە شانازی بە ئازادی و پێکەوەژیانەوە دەکات، هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییانە لە سایەی حکومەت و دەسەڵاتی یاسادا دەژین و سەقامگیرن.

گرنگترین ناسنامەی هۆشیارکردنەوەی لاوان ئەوەیە کە دەرك بە لە یەك گەیشتن و ئاشتەوایی نەتەوایەتی بکەن، پێویستە ئایین ڕێگایەك بێت، تەنیا لە ویژدانەوە سەرچاوە بگرێت و، ببێتە ڕاستەڕێیەکی دروست بۆ مرۆڤ بە گشتی و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هەبوونی نەتەوە، نابێت ئایین، یان ئایینزا بکرێتە ئامرازێك بۆ دژایەتیکردنی یەکدی و ئایینە جیاوازەکان، کە توندوتیژی و کوشت و کوشتاری لێ بکەوێتەوە.

نەتەوەی کورد لە جیهاندا بە نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەن ناسراوە، کورد جگە لە ئایینی ئیسلام چەندین بیروباوەڕی ئایینی لەخۆ دەگرێت. لێرەدا ناسینی ئایینەکان و جۆری ڕووبەڕووبونەوەی هەر کەسێك لەگەڵ باوەڕە جیاوازەکانی ئایینزایی، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کەلتووری و ڕۆشنبیریی هەموو تاکێك لە هەر ناوچەیەکدا، لەم سۆنگەیەوە پێویستە لاوان و نەوجەوانەکان زانیارییان لەسەر بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزای هاوڕێ و هاوپیشە و هاوپۆلی خۆیان هەبێت. هاوکات دەبێت ڕێز لە بیروبۆچوونی هەموو ئایینەکان بگرن و. هیچ کات گاڵتە و سووکایەتی بە باوەڕەکانی کەسانی دیکە نەکەن، بەڵکو بە چاوی لێبووردەیی و برایی و یەکسانی و ئاشتەوایی سەیری هەموو ئایینەکان بکەن.

خۆگونجاندنی گەنجان و مێرمندالان لەنێو کۆمەڵگەدا و لە کەشێکی دۆستانە و هاودەنگدا لەگەڵ بیروباوەری تایبەتیی خۆیاندا زۆر پێویستە، هاوسەنگبوونی ئایینی لە کۆمەڵگەدا و ناساندنی ئایینزاکان و ئاماژە پێ کردن و گرنگی پێدانیان لە کەرتی پەروەردەیی و سێکتەری ڕۆشنبیری و میدیایی، فاکتەرێکی زۆر پێویستە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت

ئاینده‌یه‌کی ئارام و بێ ده‌غده‌غه‌ی ده‌روونی بۆ ئه‌و که‌سانه‌ بره‌خسێنێت که‌ له‌ کۆمه‌ڵگه‌دا هه‌ڵگری ناسنامه‌ی جیاوازن.

به‌ هه‌ند هه‌ڵگرتنی لایه‌نی ڕێزگرتنی ئایین و ئایینزا و له‌به‌رچاوگرتنی بیروبۆچوونی که‌سانی دیکه‌ و به‌رانبه‌ر، ڕێگا بۆ زیاتر به‌خشینی هیواو ڕۆشنکردنه‌وه‌ی ئاینده‌ خۆش ده‌کات.

دیاره‌ ئایینزا جیاوازی له‌گه‌ڵ سیاسه‌ت و ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه‌، ئه‌مه‌ باوه‌ڕێکه‌ بۆ ویژدانی خودیی مرۆڤ، چونکه‌ لای هه‌مووان ڕوون و ئاشکرایه‌ که‌ هه‌موو تاکێك له‌ هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی ئه‌م جیهانه‌ بێت، به‌ شێوه‌ی تایبه‌تیی خۆی، یه‌زدان ده‌په‌رستێت. بۆیه‌ له‌م ڕوانگه‌وه‌ هیچ که‌سێك بۆی نییه‌ له‌ هه‌ر پۆست و پایه‌یه‌کدا بێت، په‌رستگا و جێگای ئایینی که‌س له‌ناو به‌رێت و توندوتیژی به‌رامبه‌ریان به‌رپا بکات، به‌م شێوه‌یه‌ ده‌بێت لاوانی ئازیز له‌م بواره‌ ڕۆشنبیر و بێدار و به‌ئاگا بن و، به‌ هزر و باوه‌ڕه‌وه‌ هه‌نگاوه‌کان بۆ پێشه‌وه‌ هه‌ڵگرن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئه‌مریکا دیدێکی تایبه‌تی و به‌رچاویان هه‌یه‌ له‌ هه‌مبه‌ر مه‌زنیی هه‌ڵوێستی سه‌رۆك مسعود بارزانی به‌رانبه‌ر به‌ ئایین و ئایینزا جیاوازه‌کان بۆ هاوسه‌نگیی ژیان له‌ کوردستان، کوردستانیش گه‌وره‌ترین هێلانه‌ی ئارامی و پێکه‌وه‌ ژیانه‌.

سه‌باره‌ت به‌ کاکه‌ییه‌کان، ئه‌وان له‌ سایه‌ی ئه‌و ئاشته‌وایی و ئازادییه‌دا ده‌ژین، که‌ ڕێزدار مسعود بارزانی ده‌سته‌به‌ری کردووه‌ و به‌ هه‌موو توانا و هه‌ڵویستی مرۆڤدۆستانه‌ی خۆی پاراستوویه‌تی، چ له‌ بواری ڕێکخستنی تاکی کاکه‌یی، یان پێدانی پله‌ و پۆستی سیادی به‌ کاکه‌ییه‌کان.

**لێبورده‌یی له‌ ئایینی کاکه‌ییدا**

لێبورده‌یی له‌ مه‌راسیمی ئایینی ڕۆحی و عیرفانی که‌ له‌ کتابی سه‌رئه‌نجام که‌ کتابی پیرۆزی کاکه‌ییه‌کانه‌ جه‌ختی لێ کراوه‌ته‌وه‌، پیرۆزیی مۆسیقا به‌ تایبه‌ت ته‌مبور«ته‌میره‌»، هه‌ستێکی سه‌بر و پێراگری به‌ تاکی کاکه‌یی ده‌به‌خشێت که‌ له‌نێو هه‌موو ده‌ماره‌کانی جه‌سته‌ جێی خۆی ده‌کاته‌وه‌.

لێبورده‌یی و پێکه‌وه‌ ژیان و یه‌کڕه‌نگی له‌ گه‌ڵ






**گرنگترین ناسنامەی هۆشیارکردنەوەی لاوان ئەوەیە کە دەرک بە لە یەک گەیشتن و ئاشتەوایی نەتەوایەتی بکەن**

**بە هەند هەڵگرتنی لایەنی ڕێزگرتنی ئایین و ئایینزا و لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونی کەسانی دیکە و بەرانبەر، ڕێگا بۆ زیاتر بەخشینی هیواو ڕۆشنکردنەوەی ئایندە خۆش دەکات**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دواتر پەیدابوونی قاعیدە و ئینجا داعش، زیاتر لە (٤٠٠) شەهیدی کاکەییمان هەیە**

هەموو ئایینەکان پەیوەندیی بە پەروەردەی خێزانی کاکەییەکانەوە هەیە، ئێمە وەك کاکەیی باوەڕمان بە قەناعەت و دوورکەوتنەوە هەیە لە بەدەستهێنانی ماڵی دنیا بە هەموو ڕێگاو هۆکارێکی توندوتیژی، ژینگەپارێزییش یەکێکە لە بنەما و ڕوکنەکانی مەزهەبیمان، هەمیشە دوورین لە لەناوبردن و زەوتکردنی مافی ئایینی دیکە.

ئەوەی پەیوەستە بە دەستوور، دەبێت وەك ئایینەکان، ڕەچاوی ماف و دەسەڵات و جێگای نیشتەجێبوونی کاکەییەکان بکرێت، بە تایبەت کاکەییەکانی ناوچە تەعریبکراوەکان و ماددەی (١٤٠) ئەوانەی گوندەکانیان و زەویی کشتوکاڵییان سووتێندراوە و، هەموو جارێکیش داعش پەلاماریان دەدەن و خەڵکیان لێ شەهید دەکەن .

سرووشتی دابەشبوونی جوگرافی و زۆریی چڕیی نیشتەجێبوونی کاکەییەکان لە کەرکووك و خانەقینە، بەڵام بەردەوام ژیانیان لە مەترسیدایە. بە بۆچوونی من پێویستە لە دەستووردا بنووسرێت کە هەموو کاکەییەکان لە یەك شوێن و ناوچە لە کوردستان نیشتەجێ بن، چونکە ئەم پەرتەوازەبوون و پەرتبوونەیان لە عێراق، وای کردووە حکومەتی ناوەند بایەخی تایبەت بەم ئایینە نەدات.

ئاماری شەهیدانی کاکەیی لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ زەنگی مەترسییە دژ بەم پێکهاتەیە.

بەپێی داتای بەردەست لە ساڵی ٢٠١٤ وە هەتا ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٥٠ کاکەیی کوژراون، سەدان دۆنم زەویشیان سووتێندراوە، جگە لەوەی کە دەیان مەزاریش خاپوور کراون، بە دەیان گوندی کاکەییش لە ترسانا چۆڵ کراون.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دواتر پەیدابوونی قاعیدە و ئینجا داعش، زیاتر لە (٤٠٠) شەهیدی کاکەییمان هەیە، دیارە لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شاری کەرکوك لە ڕۆژی ٢٠١٦/١٠/٢١ لە بەرگری کردن لەو شارەدا (١٢) کەسی کاکەیی شەهید بوون.

سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان، دەڵێم کە ئەمە موڵکی هیچ لایەن، یان ئایینی تایبەت نییە، بەڵکو هەمەگیرە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخستنی پێکهاتەکان گرنگترین خاڵە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت. کاکەییەکان بە ئازایی و نەترسیی ژنان و پیاوان لە گوند و ناوچە تەعریبکراوەکان بە دار و بەرد بەرگرییان لە بوونی خۆیان وەك کورد کردووە و خاکی خۆیان بە خوێنی شەهیدان و فرمێسکی دایکان و منداڵان پاراستووە.

دەبێت پەرلەمانتارانی کورد لەنێو پەرلەمانی عێراق داکۆکیکاری سەرسەخت بن لەم پێکهاتەیە و پێداگری بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی، بەتایبەتیش وورووژاندنی بابەتی زۆر گرنگی وەك ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە، بگرە لە سووتانی زەوی و زاریان و خاپوورکردنی خانوو و بەرەکانیان لە کەرکووك و خانەقین و ئەو شوێنانەی ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، تاکو قەرەبوو بکرێنەوە و، لە ڕووی ماف و دامەزراندنی تاکەکان و بەپێی یاسا و دەستوور چارەسەریان بۆ دەستنیشان بکرێت.

ئەوەی ماوە بیڵێم، ئەوەیە کە زۆر کەس هەن دەڵێن: ناوی کاکەیی لە وشەی (کاکە)وە هاتووە، چونکە پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە یەك بە یەکیان گوتووە (کاکە)، بە ڕای من ئەم بۆچوونە ڕاست و دروستە، بەڵگەیش ئەوەیە یاران و کاکەییەکانی سەردەمی سوڵتان ئیسحاق بە شێوەیەکی گشتی، گەورە و بچووك لە بەر ڕێزگرتن لە یەکدی، لەکاتی قسە کردن بە یەکدییان گوتووە (کاکە)، واتە هەر کەسێك لەوانە هاوەڵەکەی بە براگەورەی خۆی زانیوە، تەنانەت سوڵتان ئیسحاق لەگەڵ هەر کەسێکدا لە مورید و مەنسوب و یارانی دوابێت و گفتوگۆی کردبێت، ئەوە سەرەتا بە ناوی (کاکە)وە دەستی پێ کردووە، ناوی (کاکەیی) بەهیچ جۆرێك لە وتارە بە نرخەکانی ناودارانی پێش ئیسحاق و یارانی نەهاتووە، بەڵام بە زۆری لە سروودەکانیان ئەم ناوانە، یارستان، تایفەستان، لە وتارەکانی سوڵتان ئیسحاق دەبینرێت.

سوڵتان ئیسحاق لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا چرای ژیانی کوژاوەتەوە و لە گوندی شێخانی گۆی چەمی سیروان، لە خۆرهەڵاتی گوندی نەوسوود لە خاکی لهۆن بە خاك سپێردراوە و گومەزێکی بچکۆلانەشی

بۆ دروست کراوە، کە بە پیرۆزترین زیارەتگای کاکەیی دەژمێردرێت.

شا ئیبراهیمی بەغدادی نەوەی پیران و ساداتی بەرزنجی، گوڵی ناو باخچەی هەقیقەت و دۆستی هەژاران و خاوەن هەزاران مورید، ئۆقیانووسێك لە زانیاری، خواپەرستیی ڕاستەقینە و گیرۆدەی عەشقی خواپەرستی و ئایین، لە تەمەنی ٤٠ساڵیدا لە بەر هەبوونی بزووتنەوە و ڕێبازی کاکەیی، شارەزووری بە جێ هێشتووە و ڕووی کردووەتە خانەقین و لە پاشاندا چووەتە بەغدا و تا دوا تەمەنی لەوێ ژیاوە، دەیان خێزانی کاکەیی لە دەوری کۆ بوونەتەوە، ئارامگای سەید ئیبراهیم لە بەغدا لە گەڕەکی شێخ عومەردایە و شوێنێکی پیرۆزە بۆ کاکەییەکان.

لە کۆتاییدا شیعرێکی خۆم بە زمانی ماچۆ

دونیای فانی
گەردوون و جوانیش
مەکەرۆ هۆشدار
زەمانە سەختەن
زمی بێ واران
نە گوڵ مەینی من
نە عەشق و دڵدار
دڵدار بێ کردار
زایەڵ بێ هۆشیار
مەشۆری ڕۆخسار
وە ئاوی ئەسرم
چ دونیای فانی
بەشەر بێمەرام
نە دڵ میهرەبان
نە ئەشق وە فەرجام
کوا زمی یاران
کوا دوعای دڵدار
باهەسارە بی
چ ئاسمانی خەم
دوعا و نیازمان
پێ قاپی کردگار
واران بوارۆ
زمی پڕ گوڵزار
یەکرەنگ بمانم
یەکدەنگ و هاوار








## خێری بۆزانی

### بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی چەترێک بوو بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەیی لەناو ئایینی ئێزدیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و، تێکەڵ بە مۆرکی نەتەوەیی و ڕەسەنی کوردی بووە، کوردانی ئێزدی لەبەر کوردبوون و ئایینەکەیان بە درێژایی مێژوو چەندین جار پەلاماردراون و کۆمەڵکوژییان بەرامبەر ئەنجام دراوە. بۆ قسەکردن لە سەر ڕەسانەیەتیی کوردانی ئێزدی و بوونی کولتووری پێکەوەژیان لە ناو کوردانی ئێزدیدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خێری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** هەرێمی کوردستان پێگە و لانکەی پێکەوەژیان و کولتووری یەکترقبووڵکردن بووە، بوونی ئەم هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەش بەڵگەیە بۆ ئەم کولتوورە جوان و ڕەسەنە، وەکو شارەزایەکی بواری مێژوو کە هاوکات لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەرپرسیارێتیی کاروباری ئێزدییەکانت پێ ڕاسپێردراوە، چۆن ئەم پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت؟**

- کوردستان لە کۆنەوە پێگە و لانکەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بووە، بوونی نەتەوە و ئایین و ئایینزا و مەزهەبی جۆراوجۆر و، نەبوونی گرفتی ئایینی و نەتەوەیی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە، بەوەی کوردستان بووەتە نموونەیەکی جوانی ئەو پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەییەی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا بەدی ناکرێت، پێکەوەژیان وەکو کولتوور و میراتییەکی جوانی کوردستانی لە مێژوودا بۆمان ماوەتەوە و، نەوە لە دوای نەوە و سەرکردە لە دوی سەرکردەو پیر و شێخ و مامۆستا و پیاوان و زانایانی ئایینی پارێزگاریان لێ کردووە، من کاتێك باسی کوردستان دەکەم، مەبەستم هەرچوار پارچەی کوردستانە، کە خاوەنی نەتەوەو ئایین و ئایینزا و مەزهەبی جۆراوجۆر و ئەم کولتوورە ڕەسەنەن، تەنانەت لەناو یەك ئاییندا چەند مەزهەبێك هەیە، من لێرەدا ناتوانم بڵێم گرفت و کێشە نەبووە و ئەم کولتوورە جوانە بێ کەموکورتی نەبووە و بۆ پێکهاتەکان شامی شەریف بووە، بۆ نموونە ئێمە وەکو ئێزدییەکان لە مێژوودا تاکو ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ هێرشی جۆراوجۆر کراوەتە سەرمان، کە دواییینیان هێرشی داعش و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی بوو، ئامانج و مەبەستی سەرەکیی ئەم هێرشانە بۆ سڕینەوەی کوردبوون و ئایینەکەمان دەگەڕێتەوە، تەنانەت دوچاری پرۆسەی تەعریب و کۆچپێکردنیش بووینەتەوە، سەرەڕای هەموو ئەم کارەسات و ڕووداوانەی کە لە مێژوودا لەم ناوچەیەدا ڕوویان داوە، کوردستانییان توانیویانە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی مۆرکی کوردستانیبوون و پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانیان بکەن و کولتووری یەکترقبووڵکردن و ئاشتی و تەبایی باڵی بەسەر هەمواندا کێشاوە، ڕێگەی نەداوە هزری توندڕەوی و دەمارگیری و ناکۆکیی مەزهەبی و ئایینی لێرەش تەشەنە بکات، ئەمەش جوانی و ناوبانگی کوردستانی بە دنیای دەرەوە نیشان داوە.

*** سەرەڕای ئەم کۆمەڵکوژی و کوشتارانە، کوردانی ئێزدی توانیویانە بەردەوام بن لەسەر ئەم کولتوورە جوانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی، ئایا ئەم پێکەوەژیانە لای کوردانی ئێزدی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- کوردبوون و ئایینەکەمان لەپشت هەموو ئەو کۆمەڵکوژی و هێرشانەوەیە کە دەکرێتە سەر کوردانی






**کوردستان بووەتە نموونەیەکی جوانی ئەو پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەییەی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا بەدی ناکرێت**

**هەڵوێستەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی بەرامبەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان نامۆ نییە، چونکە لەسەر هەمان ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی-یە**

**شنگال لە ئێستادا ناوچەیەکی سەربازگە و چەکدارییە، بە دەیان گرووپی جیاجیا و نامۆی چەکداریی لە شنگال و دوروبەری نیشتەجێن**

ئێزدی، ئەوەتا ئەگەر باسی مێژووی نزیك بکەین، لەساڵانی حەفتاکانەوە ئێزدییەکان دوچاری هێرشی ئایینی و نەتەوەیی بوونەتەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە ئێزدینشینەکاندا پرۆسەی تەعریب دەستی پێ کردووە و، جگە لە تەعریبکردنی مێشك و زمان، خاکی ئێزدیانیش لەلایەن ئەو عەرەبانەی لە ناوچەکانماندان داگیر کراوە. لە شۆڕشی ئەیلوولدا و بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە دهۆك و بادینان نزیك بوون، کاریگەریی ئەو شۆڕشە لە سەر هزرو بیری ئێزدییەکان زۆر بووە، بەتایبەتی کاریگەریی مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی کاریزما، کە بووبووە هۆی کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکان، لەناو کوردانی ئێزدیدا خەڵکانێکی زۆرمان چووبوونە ناو ڕیزەکانی ئەو شۆڕشەوە، بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و ئایینەکەمان بکرێت. لە شۆڕشی گوڵانیشدا جارێکی دیکە سەرهەڵدانی یەکەمی ئەم شۆڕشە لە ناوچەی ئێزدینشینەکان لەسەر دەستی شەهید مەحمود ئێزدی بوو، تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕاپەڕین و ئازادکردنی ناوچە ئێزدینشینەکان هەر لەگەڵ شۆڕش و تەوژمی بیری نەتەوەیی کوردی بوون، لەم پێناوەشدا قوربانییەکی زۆریان داوە و بەسەدان ئێزدی شەهید و بریندار و زیندانی بوون.

*** وەك ئاماژەت پێ دا کاریزمایی مەلا مستەفا بارزانی بووە چەتری پارێزگاریکردنی هەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکان، بەتایبەتی کە ڕێگەی نەداوە کوردانی ئێزدی غەدریان دەرهەق بکرێت، ئایا تاچەند لە ئێستادا بوونی کەسایەتییەکی وا کاریزما بۆ پاراستنی کوردانی ئێزدی گرنگە؟**

- جوانی و کاریزمایی مەلا مستەفا بارزانی زیاتر لەوەدا بوو کە چەترێك بوو بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، لەمەشدا زیاتر لایەنگیری ئەو لایەنە بووە کە هێزی نەبووە، بە گوزارشتێکی دیکە واتا لایەنی مەزڵووم، یان لاواز) بووە، تەنانەت ئەگەر لە ناوچەیەکیشدا موسڵمانەکان کەمینە بوونایە، ئەوا پشتیوانی کردوون و لەو ناوچانەی مەسیحی و ئێزدی کەمینە بوون، لایەنگری ئەوان بووە و هەمووانی ڕێك خستووەتەوەو، ڕێگای نەداوە زوڵم لە کەس بکرێت. مەلا مستەفا پاڵپشت و پشتیوانێکی گەورەی کوردانی موسڵمان و ئێزدی و مەسیحی و کاکەیی و هەموو ئایین و ئایینزاکان بووە، زۆربەی میر و بنەماڵەی میری ئێزدییەکانیش لەگەڵ شۆڕش بوون و، زۆر زۆر لە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی نزیك بوون.

*** دەکرێت ئەم نەریت و کولتوورە جوانەی مەلا مستەفا بارزانی کە بەرامبەر هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان هەیبووە، لە ئێستاشدا بەردەوامیی پێ بدرێت و، ڕێگا نەدرێت جیاکاری و هزری توندڕەویی زیان بەم کولتوورە نەتەوەییە بگەیەنێت؟**

- سەرکردەو میللەت پێکەوە ڕۆڵیان لە پاراستنی پێکەوەژیان و کولتووری میانڕەوی و یەکتر قبووڵکردندا هەیە، لە ئێستاشدا سەرۆك مەسعود بارزانی ئومێدی ئێمەی کوردانی ئێزدی و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دیکەیە، کە بە سەدان هەڵوێست و کردەوەی گەورەی بەرامبەر کوردانی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە هەبووە، بەلای ئێمەی کوردانی ئێزدییەوە هەڵوێستەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی بەرامبەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان نامۆ نییە، چونکە لەسەر هەمان ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی-یە، لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەگەر سەرۆك مەسعود بارزانی پێداگری نەکردایە، کە دەبێت ناوی ئێزدییەکان و هەموو پێکهاتەکان بچێتە ناو دەستووری هەمیشەییەوە، ئەوا لە ئێستادا هیچ مافێك بۆ پێکهاتەکان دەستەبەر نەدەبوو، هەمووان دەزانن زۆربەی ئەو هێزو لایەنە سیاسییانەی کە بەشدارییان لە نووسینەوەی دەستووردا کرد، هزری ڕادیکاڵیان هەبوو، بەهێزکانی شیعە و سوننەشەوە، تەنانەت ناوی ئێزدییان قبووڵ نەبوو، بە پێداگری سەرۆك مەسعود بارزانی ناوی کوردانی ئێزدی لە عێراق چووە ناو دەستوور، ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتانی دراوسێ لە هیچ دەستوورێکدا ناوی کوردانی ئێزدی نەهاتووە. لە هێرشی تیرۆرستانی داعشدا کاتێك ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە هەموو دڕندەییەکانی ئاراستەی کوردانی ئێزدی کرد، هەڵوێستی سەرۆك بارزانی دیار و لەبیر نەکراوە، لەو سەردەمەدا سەرۆك بارزانی بڕیاری دا سنوور و باوەشی کوردستان بە ڕووی کوردانی ئێزدیدا واڵا بکرێت، کوردانی ئێزدی بەتایبەتی ئەوانەی ئاوارەن و لەکوردستان نیشتەجێن، بە ویژدانەوە دەگێڕنەوە کە ئەوان ٤٠٠ هەزار کەس بوون، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەتایبەت لە دەڤەری بادینان، لەسەر بڕیاری سەرۆك مەسعود بارزانی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم هەموو سنوورەکانی کردەوە و، شوێنە گشتییەکان و قوتابخانە و تەنانەت مزگەوتەکانیش خرانە خزمەتی لێقەوماوەکانی خێزانە ئێزدییەکانەوە، لەبیرمە لە دهۆك چەندین مزگەوت هەبوو، چەندین هەفتە وتاری هەینیان تێدا نەخوێندرا، ئەم هەڵوێستە لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. تەنانەت هەڵوێستی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕزگارکردنی کچانی ئێزدی لە دەستی داعش لەبیر ناکرێت، فەرمانی کردنەوەی نووسینگەیەکی دا بە ناوی (نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوە ئێزدییەکان) و منی ڕاسپارد بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە و بە پاڵپشتی و پشتیوانیی بەڕێزی ٣٤٥٥

ڕفێنداوی کوردی ئێزدی ڕزگار کران، کە لە ٨٤٪ی ئەم ژمارەیە لە ڕێگەی ئەم نووسینگەیەوە بووە و ٧ ملیۆن دۆلاریشی لەم پێناوەدا خەرج کردووە.

*** وەکو باست کرد، هێشتا ژمارەیەکی زۆری کوردانی ئێزدی ئاوارەی ناوچەکانی بادینانن، لە کاتێکدا ناوچەیەکی وێرانەی فراوان لە شنگال و دەوروبەری و دەشتی نەینەوا هەیە، ئایا ئومێد هەیە ئەم ناوچانە دووبارە ئاوەدان بکرێنەوە؟**

- شنگال لە ئێستادا ناوچەیەکی سەربازگە و چەکدارییە، بە دەیان گرووپی جیاجیا و نامۆی چەکداری لە شنگال و دوروبەری نیشتەجێن، تەنانەت ئەو ئێزدییەی گەڕاوەتەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆی، لە هەموو کاتێکدا مەترسیی ئاوارەبوونی لێ دەکرێتەوە و گیانیانی لەمەترسیدایە. هەموو ئەو شوێنانەی لە ژێر دەستی حەشدی شەعبی و پەکەکە و سوپای عێراقدایە، ناجێگیر و ناسەقامگیرە و ڕەوشی ئارامی تێدا نییە، کوشتن و ڕفاندن هەیە، تەنانەت فڕۆکەکانی وڵاتی تورکیاش لە ئاسمانەوە ناوبەناو بۆردومانی ناوچەکە دەکەن، تەنیا ئەو ناوچە جوگرافیاییە نەبێت کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەکانی کوردانی ئێزدیدایە، کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، ئێمە داوا دەکەین زیاتر پشتگیری ئەو هێزانەی وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت کە بەبێ هیچ ئەجندایەك کار دەکەن، هاوکات پێویستە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئەمریکا کار بۆ خاوێنکردنەوەی شنگال و دەوروبەری بکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەموو هێزە چەکدار و گرووپە چەکدارە بیانییانە لەوێ نەمێنن، با شنگال بۆ شنگالییەکان بێت و ناوچەکەیان ئاوەدان بکرێتەوە.

*** وەك بەرپرسێك لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پەیوەندیدار بە کاروباری ئێزدییەکانەوە، ئایا چ پێشنیار و بۆچوونێکت هەیە، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆحییەت و ئەخلاقی مرۆڤپەروەر و پێکەوەژیان و لێبووردەییە لەناو ئایین و ئایینزاکانی کوردستاندا بمێنێتەوە و دەوڵەمەندتر بکرێت؟**

- گەلی کورد ئەو کولتووری یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیانەی هەیە؛ ڕۆڵی بەرزی مامۆستا و پیاوانی ئایینی بۆ پاراستنی ڕەسانەیاتیی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بەرز و پیرۆزە، بەداخیشەوە هەندێك مامۆستای ئایینی هەن کە هزری توندڕەویی و توندوتیژییان هەیە، ئەویش لەلایەن زانا و مامۆستا و پیاوانی ئایینییەوە ڕێگایان لێ دەگیرێت، چونکە بەو بیرو هزرە توندڕەوییە زیان بە پیرۆزیی ئایین و پەیامەکان و مرۆڤەکان دەگەیەنن، ئایین بۆ بەختەوەریی مرۆڤەکان و خەڵکە، نەك بۆ توندوتیژی، ئومێدەوارم بە هەمووان بتوانین پارێزگاری لەو ئامانجە پیرۆزەی ئایینەکان بکەین.






## خالید ئەمین ڕۆمی

### سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری سابیئەی مەندائی بۆ گوڵان:

# جیهان بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕوانێتە هەنگاوەکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەولێر و کوردستان



**لە کوردستان پێکەوەژیانی ئایینی و کەلتووری لێبووردەیی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان مێژوویەکی قووڵی هەیە، بە ڕادەیەك ئایین و ئایینزاکانی دیکەی ناوچەکەش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، سابیئەی مەندائیین یەکێکە لەو ئایینە کۆنانەی عێراق کە وەکو پەناگەیەك ئایینزاکانی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر ئایینی سابیئەی مەندائیین و پرسی پێکەوەژیانی ئایینی دیدارێکمان لەگەڵ خالید ئەمین ڕۆمی سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری سابیئەی مەندائی سازدا.**

*** پێکەوەژیانی ئایینی و کەلتووری لێبووردەیی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان گرنگیەکی تایبەتی پێ دراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە قۆناغە مێژووییەکانی مرۆڤایەتیدا ئەم پێکەوەژیانە ڕووبەڕووی تەحەددا و گرفت و کێشەی زۆر بووەتەوە، وەکو نوێنەری پێکهاتەیەکی گرنگی ئایینی کە لە ئێستادا لە کوردستان بوونتان هەیە، ئەویش سابیئەی مەندائیە؛ دەکرێت باسی گرنگیی پێکەوەژیانی ئایینیمان بۆ بکەیت؟**

- هەموو ئایینەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیامێکی خوداییە و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هاتوون، لە هەموو ئایینەکانیشدا گرنگیەکی زۆر دراوە بە بنەماکانی خۆشەویستی و ئاشتی و ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی، مادام ئێمە باوەڕ و پابەندین بە بنەما سەرەکییەکانی ئایینەکانمان و ملکەچی داواکارییەکانی خوداین و حەز بە پیادەکردنی ناوەڕۆکی ئایینەکانمان دەکەین، دەبێت ڕێز لەو پەیامە ئیلاهییە بگرین و پابەندی ڕێزگرتن لە مرۆڤ و یەکترقبووڵکردن بین بە جیاوازیی ئایین و ئایینزاکانەوە، بەمەش پێکەوەژیان دەبێتە خەسڵەتێکی گشتگیر و فراوانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان، هەریەك لە ئێمە ئایین و بیروباوەڕی خۆمان هەیە و بۆنەی ئایینی جیاجیامان هەیە و ڕێزی لێ دەگرین و تقوساتی ئایینی خۆمان جێبەجێی دەکەین. هەرچەندە لەسەرجەم ئایینزاکاندا کەسانی توندڕەو توندوتیژ هەن، تا سنووری ئەنجامدانی کردەوەی دوور لە بنەماکانی ئایین وەك تیرۆر و کوشتن و کۆمەڵکوژی، ئەم خەسڵەتە ناشیرینە هەر بە نامۆ دەمێنێتەوە و هزرێکی بەربڵاو و خۆشەویست نییە لای خەڵکی، بگرە لەلایەن سەرجەم ئایینەکانەوە ڕەتکراوەتەوە.

سەبارەت بە سابیئەی مەندائی، ئەم ئایین و ئایینزایە پێش هەزارەها ساڵ لەمەوبەر لە نێوان فەلەستین

و ئێران ژیاون، لە ریزبەندی پێشەوەی ئەو ئایینانە دێت کە بانگەشەی پێکەوەژیان دەکەن و، ئایینێکی تەبشیری نییە، واتا لە ئایینماندا نییە کەسی دیکە لە دەرەوەی سابیئە مەندائیین بهێنینە ناو ئایینەکەمانەوە و بەپێچەوانەوە سابیئە مەندائی دەبێت لە دایك و باوکێکی سابیئە بێت، لەمەش گرنگتر ئایینەکەمان هەڵگرتنی چەکی حەرام کردووە و، بڕوای بە کوشتن و توندڕەویی نییە، هەر بۆیە بە درێژایی تەمەنی سابیئەی مەندائی کە ٤٥٠٠ ساڵە ئازاری کەسمان نەداوە و دەوڵەتیشمان دانەمەزراندووە، شەریعەت و بیروباوەڕەکەمان وای کردووە، ئێمە ئایین و ئایینزایەکی ئاشتیخواز بین و لە هەموو کەس زیاتر بڕوامان بە پێکەوەژیان بێت، بەداخەوە لە دوای ئەو قەتڵوعام و کوشتار و زوڵمەی لە خێزانە سابیئە مەندائیەکان کراوە، بوونمان تەسك بووەتەوە لە سەدەکانی ڕابردوودا لە باشووری هەر دوو وڵاتی عێراق و ئێران کۆبووینەتەوە، لە عێراق لە عەممارە و ناسرییە و بەسرە بوونمان هەبووە، بەڵام لە نەجەف و کەربەلا بەهۆی تایبەتمەندێتی مەزهەبییەکەیەوە بوونمان نەبووە، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا خێزانەکانی سابیئەی مەندائی کۆچیان کرد بۆ بەغدا و کوردستان، ئێستا خێزانەکانمان لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و دهۆك دەژین. بەڵام لەگەڵ هاتنی شەپۆلی توندڕەویی ئەوەندەی دیکە خێزانە سابیئە مەندائیەکان کەمتر بوونەوە، بە ڕاددەیەك لە ئێستادا یەك خێزانمان نییە لە مووسڵ و شارەکانی ناوەڕاستی عێراق.

*** پێکەوەژیانی ئایینی لە عێراقدا لە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی مەترسیداردایە و توندڕەوی و توندوتیژی باڵی بەسەر واقیعی شەقام و سیاسەتدا کێشاوە و کەمینە و پێکهاتە ئایینیەکان لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەدان؛ ئێوە وەکو سابیئەی مەندائی چۆن دەڕواننە ئەم بارودۆخە؟**

- توندوتیژی و مەترسی لە سەر پێکهاتە و کەمینە ئایینیەکان لە ناوچەکەدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ئەگەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس وەکو قۆناغ و وێستگەیەکی مێژووی وەربگرین، ئەوە لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا بە دەیان دیاردەی نامۆ بە میللەت و کۆمەڵگەی عێراقی دەرکەوتووە و، خەسڵەتی توندتیژی و دەمارگیری و توندڕەویی ئایینی باڵی کێشاوە بەسەر حزبەکان و سیاسەت و شەقامی عێراقیشەوە، گرفتەکەش لەوەدایە دەنگی توندڕەویی ئایینی جێگای مەترسی و تێڕوانینی هەمووانە، واتا بوونی گرووپێکی مافیا و چەتەیی لە شارێکدا ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی هەموو خەڵکی تێك دەدات، بەم شێوەیە هەرچەندە گەلانی عێراق خاوەنی هەستێکی ناسك و جوانن و خەسڵەتی باشی و یەکترقبووڵکردنیان لەنێواندا هەیە و، خۆی لەخۆیدا وڵاتەکە لە چەندین نەتەوە و





له پێناو
پاراستن و
پێشقەچوونی قەوارەی
هەرێمی کوردستان
دەنگ بە کاندیدانی
پارتی بدەن

**بەڕێز مسعود بارزانی و زۆربەی بەرپرسانی باڵای هەرێم و حکومەت بەردەوام مەسەلەی پێکەوەژیانی ئایینی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بە هێڵی سوور دادەنێن و ڕێگا نادەن کەس زیانی پێ بگەیەنێت**

**ئایینەکەمان هەڵگرتنی چەکی حەرام کردووە و، بڕوای بە کوشتن و توندڕەویی نییە، هەر بۆیە بە درێژایی تەمەنی ٤٥٠٠ ساڵەی ئازاری کەسمان نەداوە و دەوڵەتیشمان دانەمەزراندووە**

**پرۆگرامەکانی خوێندن لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە پرۆگرامێکە پڕە لە هەڵە و کەموکورتی و قوتابی فێر ناکات ڕێز لە مافی مرۆڤ و کەمینەو پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بگرێت**

پێکهاتە و ئایین و ئایینزا و تەنانەت لەناو یەك ئاییندا مەزهەبی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام بوونی ئەو دەنگ و گرووپ و کەسە توندڕەوانە زیانی خۆی و مەترسی گەورەی لەسەر ناوبانگی هەموو عێراق دروست کردووە، بەداخەوە لە ئێستادا زمانی شەڕ و توندڕەوی و چەك جێگای زمانی دیالۆگ و پێکەوەژیان لە عێراقدا گرتووەتەوە، بە ڕادەیەك لە ئێستادا بیرو هزری ئەم گرووپە توندڕەوانە سنوورەکانی عێراقیشی بەزاندووە و ڕووی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش کردووە، ئەمەش زیانی گەورەی بە گەلانی عێراق و تاکی عێراقی و ناوبانگی گەیاندووە، بەوەی میللەتێکی توندڕەوین، لە کاتێکدا من پێم وایە لە واقیعدا تاکی عێراقی خاوەنی خەسڵەتێکی جوانی مرۆڤایەتی و ئاشتییە و جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣دا بەغدا بۆ چەند مانگێك پایتەختێکی ئارام و سەقامگیر بوو، ڕاستە بە ڕووخانی کتوپڕی ڕژێمەکە، حاڵەتی دزین و تاڵانی دامودەزگای حکوومی و چەند کردەوەیەکی کەمی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە ڕوویان دا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ماڵ و موڵکی تایبەتی هێرش نەکرایە سەری، ئەمە لە کاتێکدا دامودەزگای پۆلیس بوونی لە شارەکانی بەغدا و عێراقدا نەبوو، بەپێچەوانەوە گەلانی عێراق زیانیان بە کەس و هیچ سەربازێك نەگەیاند، تا ئەو کاتەی هێزە شەڕانی و قین لەدڵ و دڕندەکانی وەکو قاعیدە و میلیشیاتی چەکداری و هێزە هاوشێوەکانی لە دەرەوەی سنوورەکان هاتنە ناو عێراق و وڵاتەکەیان بەم ماڵوێرانییەی ئێستا گەیاند.

*** وەکو ئاماژەت پێدا توندڕەویی و هزری توندوتیژی و تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانەوە هاتووە، ئەی بۆچی مامۆستا و زانایان و پیاوانی ئایینی ڕێگایان دا ئەم هزرە توندڕەوە ڕوو لە عێراق بکات؟**

- سەرەتا دەبێت باسی هۆکاری هاتنی ئەو هەموو هزر و ئایدیۆلۆژیاتە نامۆ و دەمارگیریی و توندوتیژییە بکەین، کە ڕووی لەم وڵاتە کردووە، کۆمەڵێك هۆکار لە پشت ئەم دیاردە نامۆیە بە گەلانی عێراق هەبووە، لەوانە هەر خۆی لە خۆیدا توندڕەویی ئایینی بوونی هەبووە، بە ڕێژە و شێوازی جیاجیا، ئەمەش باشترین ژینگە بوو بۆ گەراکردنی ئەم توندڕەو و تیرۆریستانە، هەر لە کۆنەوە ناکۆکیی مەزهەبی و بیروباوەڕی و ناتێگەیشتن لە ڕەسەنایەتی ئایینەکان هەبووە، تێکچوونی بارودۆخەکە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵە و دەستێوەردانی دەرەکی و هەناردەکردنی ئەم هزرە توندڕەوانە خێرایی بەخشی بە تەشەنەکردنی توندڕەویی و دووورکەوتنەوە لە خەسڵەتەکانی ئایینەکان کە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، بەداخیشەوە زۆربەی حزبە سیاسییەکانی عێراق حزبی توندڕەوی ئایینی و مەزهەبین و سوودیان لەم توندڕەوییە وەرگرت، لەپێناو بەرژەوەندییەکی تەسکی حزبابەتی و بەدەستهێنانی دەنگ و پاوانخوازیی دەسەڵات. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشت بەداخەوە پیاوانی ئایینی بوونە داردەستی سیاسییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندییە حزبی و شەخسییانە و ئەمانیش بەشداربوون لە تێکدانی بارودۆخەکە و تەشەنەکردنی هزری توندڕەویی و دوورکەوتنەوەی لە خەسڵەتەکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی، دواتر کەمتەرخەمیی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و زانکۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دێت، من پێم وایە پرۆگرامەکانی خوێندن لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە پرۆگرامێکە پڕە لە هەڵە و کەموکورتی و قوتابی فێر ناکات ڕێز لە مافی مرۆڤ و کەمینەو پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بگرێت، تەنانەت ڕوونکردنەوەشی لەسەر ئەوە تێدا نییە، کێن ئەو هاونیشتمانییانەی لە ناو چوارچێوەی وڵاتەکەدا لەگەڵت دەژین، پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراقدا هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە بە شێوەیەك کەموکورتی تێدایە، تەنانەت ئاشنات ناکات بەوەی ئەو ئایین و ئایینزایانە کێن کە پێکەوە لە عێراقدا دەژین و زۆر کەس ناوی سابیئەی مەندائی بە هەڵە دەهێنێت، من جارێکیان قسەم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کرد کە لە مووسڵ ژیاوە، تێبینی ئەوەم کرد زۆر بە زەحمەت ناوی سابیئەی مەندائیی دەهێنا، لە کاتێکدا لە کوردستان لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆگرامی نوێی خوێندنن، تێیدا زیاتر بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و ناو و مێژووی ئایینەکان گرنگی پێ دەدرێت.

*** بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئایا پێکەوەژیانی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا لە بەردەم تەحەددییەکی گەورەدا نییە؟**

- بەڵێ، تەحەدداکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی بنەما جوانەکانی ئایین و ئایینزاکان بەتایبەتی لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی کارێکی ئاسان نییە و لەبەردەم چەندین ئاستەنگ و بەربەستایە، هێزی زۆر هەن ئەم پێکەوەژیانەیان لە هەرێمی کوردستان پێ هەزم ناکرێت و لە دژی ڕادەوەستنەوە و هەوڵی نانەوەی فیتنە و دووبەرەکی دەدەن، بەڵام من پێم وایە گەلی کورد و کوردستان بە گشتی لە بەر ئەوەی زوڵمی زۆریان لێ کراوە و جوداکاریی بەرامبەریان کراوە، بۆیە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین، زوڵم لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکرێت. من ئاگاداریی ئەو فشارانەشم کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی دەنرێت بۆ سنووردارکردنی هزری پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکانی دیکە، بەڵام ئێمە ئومێدمان

زۆرە و دڵخۆشین بەوەی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە ڕێز لە بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەگرن، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هاتنمانە بۆ هەولێر من ١٠ ساڵە لە هەولێرم، کە پێم دەڵێن: کەسوکارت لە کوێیە؟ دەڵێم: لە هەولێرن، تەنانەت ڕۆژێك لەلایەن کەسێکی نەزانەوە هەڵەی بەرامبەر بە من و ئایینەکەمان کرد، من وەڵامیشم نەدایەوە، کوردەکانی دراوسێ و ناسیاوم وەڵامی توندیان دایەوە و ڕێگایان پێ نەدا هەڵە بکات. هەولێر هەنگاوی باش و خێرا بۆ چەسپاندنی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەنێت، ئەمە تەنیا ڕاوبۆچوونی من نییە لە سابیئەی مەندائی، بەڵکو ڕاوبۆچوونی زۆربەی ئایین و ئایینزاکانی دیکەشە و جیهان بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەم هەنگاوانەی هەولێر و کوردستان، بەڕێز مسعود بارزانی و زۆربەی بەرپرسانی باڵای هەرێم و حکومەت بەردەوام مەسەلەی پێکەوەژیانی ئایینی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بە هێڵی سوور دادەنێن و ڕێگا نادەن کەس زیانی پێ بگەیەنێت و بە یاساش پاڵپشتی کراوە. من لێرەدا نموونەیەکت بۆ باس دەکەم، زۆربەی سابیئەی مەندائی ڕێز و سۆزیان بۆ شۆڕشی کوردی هەبووە کە بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی بەڕێوەدەچوو، چونکە دەیانزانی ئەو سەرکردە مەزنەی کورد خاوەنی هزر و ئایدیۆلۆژیایەکی وا بەرز بوو، ڕێزی لە هەموو نەتەوە و ئایینزاکان دەگرت و هەموو ئایینزاکانی لە ئامێز دەکرد، بەڵگەش بۆ قسەکانم چەندین سابیئەی مەندائی لە کوردستان لەگەڵ پێشمەرگە خەباتیان کردووە و لەگەڵ پێشمەرگەش شەهید بوون. گەلی کوردستان بە بوونی سەرۆك مسعود بارزانی کە کوڕی مەلا مستەفا بارزانی و بنەماڵەیەکی ناسراو و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزە بە میراتی، گەورەیی و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی بەرامبەر هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان بۆ ماوەتەوە و بەرگری لە مافەکانی کورد و هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەش کردووە، ئێمە وەکو سابیئەی مەندائی ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرمان بۆ ئەو سەرکردە گەورەیە هەیە کە لە دەستووری عێراقیشدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە پاراستنی مافی کەمینە و پێکهاتەکان هەبوو، ناوی ئێزیدی و سابیئەی مەندائی لەسەر داوا و هەوڵی جەنابیان بوو، لە دەستووری کوردستانیشدا داواکاری و بۆچوونی خۆمان وەکو سابیئەی مەندائی بۆ پەرلەمان بەرز کردەوە، کە ئێمە بەشێکین لەم گەلە و چارەنووسمان پێکەوەیە، لە ئێستاشدا هەموو مافێکی هاووڵاتیبوونمان هەیە، تەنانەت پەرستگایەکیش وەکو دیاریی بۆ خوداپەرستی بۆمان دروست کراوە و بۆنەکانی خۆمان لە پەرستگا و زێی گەورە دەکەین، بەو پەڕی ئارامی و ڕێزگرتنەوە.






# ڕەوشی ئاو لە کوردستان بەتایبەتی لە شاری هەولێردا



**پرۆفیسۆر دانا خدر مەولوود**

ئەندامی بۆردی زانکۆی کوردستان- هەولێر
سەرۆکی بەشی شارستانی/کۆلێژی ئەندازیاری/ زانکۆی سەلاحەددین

بۆ گوڵان دەینووسێت

**بەشی دووەم و کۆتایی**

## پێشەکی

لەم ماوەیەی دواییدا بە هۆی کەمیی ڕێژەی باران بارین، بابەتی ئاو بووەتە جێی قسە و باسی میدیاکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بوو بە کێشەیەکی دیار کە بانگەشەی بۆ دەکرێت و جەختی لێ دەکرێتەوە. لە سەرەتاوە پێویستە باس لەوە بکرێت کە ئەگەر لە ساڵێکدا باران نەبارێت، یان لافاو ڕوویدات، ناکرێت کێشەکە گەورە بکرێت، ئەگەر سیستەمێکی تۆکمە و زانستیی پێشوەختە لە ئارادا هەبێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ کەمتەرخەمی لە سیاسەت و پاراستنی ستراتیژیی ئاو لە هەرێمی کوردستان و هەموو عێراقدا، چونکە تاکو ئێستا هیچ پلانێکی درێژخایەن بۆ ئەم مەبەستە لە هەرێم و عێراق دانەنراوە، لە هەمان کاتدا دانانی پلانێکی تۆکمە و پێشوەخت پێویستە بوودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت. ئەو دیراسەی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی ئاوی حەوزەکانی هەولێر دەکات، تیایدا ڕەوشی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو نیشان دەدات.

> **تێکڕای کەمبوونی ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکەی (٠,٢٢م)ـە لە ساڵێکدا، کە ئەمەش زەنگ و مەترسییە بۆ وشکەساڵی لە داهاتوودا**

**حەوزی کەپران:** ئەم حەوزە دەکەوێتە بەشی باکوور بە ڕووبەری (٩١٥ کم٢)، بە گوێرەی داتای ئەو بیرانەی کە لەو ناوچەیەدا وەرگیراون، پێکهاتەی جیۆلۆجییەکەی بریتییە لە چینەکانی (Gravel) و coarse and medium sand silt، conglomerate and clay bed) . و داتاکان ئەوە نیشان دەدەن کە (specific yield) ی ئەم چینە دەکاتە (٠,٢٦). وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو جەخت لە سەر توێژینەوەیەک دەکاتەوە کە لەلایەن سەنتەری فورات کراوە، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی بیری هەڵکەندراو نابێت لە (٢٢٥) بیر زیاتر بێت لە هەموو حەوزەکەدا، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی بیری هەڵکەندراو دەگاتە (٢،٥٥٤).

**حەوزی ناوەند:** ئەم حەوزە ڕووبەرەکەی پێک دێت لە (١،٤٠٠ کم٢)، بە گوێرەی داتای ئەو بیرانەی کە لەو ناوچەیەدا وەرگیراون، پێکهاتەی جیۆلۆجیەکەی بریتیە لە چینەکانی (Gravel) و coarse and medium sand) (silt، conglomerate and clay bed . و داتاکان دەیسەلمێنن کە ( specific yield) ی ئەم چینە دەکاتە (٠,٢٤٤). بە گوێرەی دیراسەی ئاماژەپێکراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژمارەی بیری هەڵکەندراو نابێت لە (٧٣٨) بیر زیاتر بێت لەو حەوزەدا، کەچی لە ئێستادا دەگاتە (٤،٢٥٧) بیر لەو حەوزەدا .

**حەوزی باشتەپە:** ئەم حەوزە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٨٨٥ کم٢)، کە پێکهاتەی جیۆلۆجییەکەی بریتییە لە چینەکانی (Gravel) و coarse and medium sand silt، conglomerate and clay bed). وە داتاکان دەیسەلمێنن ك (specific yield)ی ئەم چینە دەکاتە (٠,٢٢٥). هەمان توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و

سەرچاوەکانی ئاو پێشنیاری (٥٠٠) بیر زیاتر دەکات لەو حەوزەدا، لە ئێستادا ژمارەی بیرەکان دەگاتە (٥٨٣) بیر . واتە (٨٣) بیر زیاترە لە ستاندەر.

**داتای باران**

باران بە یەکێک لە گرینگترین دیاردەکانی کەشوهەوا دادەنرێت، کە لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تێکڕای بارانبارینی ساڵانە لە (٥٩٠مم/ساڵ) لە هەولێر، تێکڕای بارانبارینی ساڵانە لە (٤٢٠-٤٠٠-٣٩٠) ملم/ساڵ، لە هەر سێ حەوزی باکوور و ناوەڕاست و باشوور بە پێوەر دادەنرێن.

بە گوێرەی ڕێژەی بارانبارین بڕی ئەو ئاوەی دەچێتە ئاوی عەمباری ژێرزەوی و ئەو بڕەی بۆ بەکارهێنان لە بیرەکان دەردەچێت، لە خشتەی خوارەوە پیشان دراوە:

| ناوی حەوزەکان | ڕووبەر (کم٢) | بڕی ئەو ئاوەی کە دەچێتە ناو حەوزەکان (م) | بڕی ئاوی دەرهێنراو (م) | ناوی حەوزەکان |
|---|---|---|---|---|
| کەپران | ٩١٥ | ٢,٧٦ | ١,٦٢ | ١,١٤ |
| ناوەند | ١٤٠٠ | ٢,٢٣ | ١,٦٤ | ٠,٥٩ |
| باشتەپە | ٨٨٥ | ٠,٦٦ | ١,٧٣ | ١,٠٧- |
| کۆی گشتی | | | | ٠,٦٦ |
| تێکڕا | | | | ٠,٢٢ |

ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بە گشتی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە حەوزەکانی هەولێر زۆر دابەزیوە، حەوزی کەپران ئاستی ئاوی ژێرزەوی تێیدا (١,١٤م)ـە لە ساڵێکدا دادەبەزێت، لە کاتێکدا ئاستی دابەزینی ئاو لە حەوزی ناوەند لە دەوروبەری (٠,٥٩م) ە. تەنیا لە حەوزی باشتەپە ئەنجامەکان پێچەوانە دەبینرێن کە نزیکەی یەك مەتر زیاد دەبێت لە ساڵێکدا. ئەنجامەکان پەیوەندی بە ژمارەی بیرەکانەوە هەیە لە هەریەك لە حەوزەکان، هەروەها چالاکییەکانی کشتوکاڵ و چڕیی دانیشتووان، لە گەڵ ئەوەشدا تێکڕای کەمبوونی ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکەی (٠,٢٢م)ـە لە ساڵێکدا، کە ئەمەش زەنگ و مەترسییە بۆ وشکەساڵی لە داهاتوودا.






چەند خاڵێکی گرینك بۆ پاراستنی سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی:
- بەڕێوەبردنی aquifer recharge
- بەکارهێنانی ئاوی ریسایکلینگ و ئاوی سەرزەوی.
- دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئاوی ژێر زەوی و پێشبینیکردنی بڕی ئاوی پێویست.
- بەکارهێنانی سووری هایدرۆلۆجی و پرۆسە سرووشتییەکان لە بەڕێوەبردنی ئاوی ژێر زەویدا.
- هەڵسەنگاندنەوەی بەڕێوەبردنی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی بنەڕەتی.
- کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوونی ئاو لە کاتی عەمبارکردن و گواستنەوەی ئاوی ژێر زەوی.
- کارکردن بە یاسا و ڕێساکان، ڕێکخستن و هاندانی بە کارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام و زانستی.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی مانەوە و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی.
- پێوانەکردنی بەکارهێنانی ئاو و ئاستی ئاو، کە ئەمانە پێکهاتەی گرینگن.
- زانین و بەڕێوەبردنی شوێنی عەمبارکردنی ئاو (aquifer) وەکو پێکهاتەی شلۆق.
- زیادکردنی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ کۆکردنەوەی داتای ئاوی ژێر زەوی، کە زۆر پێویستە حکومەت و لایەنی دەسەڵاتدار پێی هەستن، بەگوێرەی ئاوی ژێر زەوی و پرۆفیشناڵە تایبەتمەندەکانی وڵات.
- زۆر پێویستە حکومەت پاڵپشتی لە کۆکردنەوەی داتای کوالێتی ئاوی ژێر زەوی بکات، نەخشەکان و هەوڵدان بۆ توێژینەوەی زانستی کە بە هەمان شێوە گرنگن.
- پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە پیسبوون و چارەسەرکردنی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی، بە گشتی و بە تایبەتی.
- ڕاستکردنەوەی کۆد و یاساکان و کارپێکردنی نرخی کاریگەر لەسەر بەردەوامیی بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی دروست.
- بەکارهێنانی ڕێگای نوێ بۆ دەرهێنانی ئاو و چاککردنەوەی بیرەکان، وەك بەکارهێنانی پەمپی مۆدێرن و بەکارهێنانی بیرەکان بە شێوەی گونجاو و ئامێرەکانی تێستی ئاو، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای خاوێنکردنەوەی $CO_2$ کە لە ناو بیرەکاندا هەیە و، بۆ خاوێنکردنەوەی بیرەکان بە کاردێت، کە ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی بەرهەمی ئاوی بیر و زیادکرنی توانستی بیرەکانە.

**زیادکردنی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ کۆکردنەوەی داتای ئاوی ژێر زەوی، کە زۆر پێویستە حکومەت و لایەنی دەسەڵاتدار پێی هەستن**

ئاوی ژێر زەوی بە سەرچاوەیەکی ستراتیژیی ئاو دادەنرێت، بە هۆی بەرزیی کوالێتییەکەی و بەردەوام هەبوونی، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبردنی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی دروست، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە بەکارهێنانی ئاو لە سەرتاسەری جیهان. ئاوی پارێزگای هەولێر بە شێوەیەکی سەرەکی، بەندە بە ئاوی ژێرزەوی، لە بەرئەوەی تەنیا سەرچاوەیە بۆ بەکارهێنان، گەشەسەندنی خێرای شارەکە و دەرهێنانی بەردەوامی ئاوی ژێر زەوی لە عەمبارەکان، لە ئەکویفەر و بوونی زیاتر لە سێ هەزار بیر و نەبوونی یاسای پاراستنی ئاوی ژێر زەوی، ئەم بوارە دەخاتە مەترسییەوە، کەمیی هۆشیاریی خەڵك و نەبوونی دەزگایەکی پەیوەندیدار، کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر کەمبوونی ئاستی ئاوی ژێر زەوی. ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کەمبوونی ئاستی ئاوی ژێر زەوی ساڵانە نزیکەی (٠,٢٢م) دادەبەزێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەرامۆشکردنی بەرپرسیارێتیی بەکارهێنانی ئاو و سەرچاوەکانی، دەبێتە هۆی وشکەساڵی و کارەسات لە داهاتوویەکی نزیکدا و، کاریگەریی نەرێنی لە سەر ئابووری و کشتوکاڵ و ژینگە دروست دەکات.

**زۆر پێویستە حکومەت پاڵپشتی لە کۆکردنەوەی داتای کوالێتی ئاوی ژێر زەوی بکات**

چۆنێتیی چارەسەرکردنی بەڕێوەبرنی ئاو لە شاری هەولێر لە ڕێگەی دیاریکردنی لە رووی گرینگییەوە :

ئاستی زەویی هەولێر بەراورد بە ئاستی شوێنە جوگرافییەکانی دەورووبەری نزمترە، کە حکومەت دەتوانێت سەرچاوەکانی ئاو ڕێك بخات، بە دانانی پلانی ستراتیژی کە تیایدا دەتوانێت هەل بقۆزێتەوە لە ناوچە شاخاوییەکان و شوێنە بەرزەکان بۆ گلدانەوەی ئاو لە وەرزەکانی لافاو و باران و گواستنەوەی ئاو بۆ ناوچە نزمەکان لە وەرزی هاویندا، بەبێ پێویستکردن بە دانانی پەمپ و تێچووی زۆر، بەم شێوەیە دەکرێت چارەسەری کێشەی کەم ئاوی بکەن لە هەولێر، بە هەمان شێوە بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە کرداری گلدانەوە و گواستنەوە.

**بەڕێوەبردنی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی دروست، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە بەکارهێنانی ئاو لە سەرتاسەری جیهان**

مانای وشەی «گلدانەوە» دروستکردنی خەزان و پۆند و بەربەستە لە کاتی لافاودا، بەڵام

«گواستنەوە» واتە گەشەسەندنی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ شارەکان بە شێوەیەکی گونجاو، بە بێ پێویستی بە پەمپ لە وەرزی هاویندا.

پێشنیارەکان:

بە مەبەستی چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنی سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی، پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

- پێویستە پێش ئەنجامدانی تێستی بیر (well testing) تێستی (Step drawdown test) ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی دۆزینەوەی توانست و تەمەنی بیر بە شێوەیەکی زانستی.
- پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار کۆنترۆڵی بیری نایاسایی بکرێت، بە شێوەیەك کە نەهێڵدرێت بیری زیاد لێ بدرێت، تەنیا ئەگەر بە شێوەی زانستی ڕێگەی پێ بدرێت و دیراسەی بۆ بکرێت.
- پێویستە تێستەکانی بیر بە شێوازی ستاندەر و زانستی بکرێت و هەڵبکەندرێن.
- سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی پێویستی بە بەڕێوەبردن هەیە، بۆ مانەوەی بە بەردەوامی و بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو.
- سەبارەت بە داتای وەرگیراوی تێستەکان، تەنیا ئەرشیف دەکرێن، بە بێ ئەوەی شیکردنەوەی بۆ بکرێت، لە کاتێکدا ئەگەر شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بارودۆخی بیرەکان دەزانرێت و توانای خەزنکردنی ئاو لە بیرەکانیش دەزانرێت، بەمەش بیرەکان لە وشکبوون دەپارێزێت.
- پێویستە ئامێری پێشکەوتوو و گونجاو لە کاتی ئەنجامدانی تێستی بیر (well testing) بە کاربهێنرێن.
- پێویستە بەردەوام چاودێریی ئاستی ئاوی ژێر زەوی بکرێت، لە بیری چاودێریی تایبەت بە ئاستی ئاو، نەك لە بیری بەرهەمهێنانەوە چاودێری بکرێت، چونکە لە بیری بەرهەمهێنانی ئاودا بەفیرۆچوونی ئاو هەیە، بە هۆی کەیسینگ (well casing) و ساوندەر (sounder) بە ئامێری ترومپا دەئاڵێت و داتای ڕاستەقینە بە دەست ناکەوێت.
- هەروەها بەکارهێنانی زانستی پێشکەوتووی (modern isotope) بۆ حەوزەکانی هەولێر، بە تایبەت بۆ دیاریکردنی بڕی ئاو و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی ئاو، بە تایبەتیش سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی و ئاراستەی کاتی مانەوەی ئاو لە ناو چینەکانی ئاوی ژێر زەویدا.




**پارتی**
**زامنی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانە لەگەڵ بەغدا، دەنگ بە کاندیدانی دەدەین**



## نادیه ئۆربیناتی

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ گوڵان:

# بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیشانەی شکستی ٢٠ ساڵ هەوڵدان بوو بۆ بە دیموکراتیکردنی ئەو وڵاتە

نادیە ئۆربیناتی پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرك، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: فیکری سیاسیی هاوچەرخ و نەریتی دیموکراتی و دژ بە دیموکراتی و، خاوەنی چەند کتێبە لە بارەی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی و، ئەو کێشە و تەنگژانەی ڕووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە. گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، کە تەوەرەکان پەیوەست بوون بەو هەلومەرج و واقیعە نوێیەی کە ڕووبەڕووی دیموکراسی بووەتەوە لە جیهاندا، بەتایبەتی پرسی سەپاندنی دیموکراسی بەسەر وڵاتان و دەرئەنجام و ئاکامەکانی ئەو هەوڵانە.

*** سەرەتا دەمانەوێت پرسیار لەبارەی ئەو پرسەوە بکەین کە ناونراوە داکشان، یان پاشەکشەی دیموکراسی، بەتایبەتی کە ماوەیەك پێش ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەندین کەسایەتیی نێو ئەو وڵاتە هۆشدارییان لەم بارەیەوە دا، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنە چییە؟**

- ئەمە دیاردەیەکی ئاڵۆز و جیاوازە بە گوێرەی جیاوازیی وڵاتان و کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە: دەتوانرێت بگوترێت کە دیموکراسییەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە ساتەوەختێکی هەستیار و یەکلاکەرەوەدا تێدەپەڕێت، ئەوە بوو سەرۆکی پێشتری ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ڕەتکردەوە و، تەنانەت هانی خەڵکی دا تاوەکو لە دژی دامەزراوەکان هەڵبگەڕێنەوە، هەموو ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە بەڵێ، قەیرانێك هەیە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دیموکراسیدا، بەڵام خۆشبەختانە دامەزراوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێندە بەهێز بوون، کە توانییان بەرهەڵستیی ئەو هەڵگەڕانەوەیە بکەن، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت کە دیموکراسی تەنیا دەربڕینی بیروبۆچوون نییە و تەنیا بەشداریکردنیش نییە، بەڵکو دامەزراوەکانیشە، کە بینیمان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دامەزراوەکان تەواو بەهێز بوون لە ڕووی دیموکراتییەوە.

*** ئەی هەلومەرج و بارودۆخەکە لە وڵاتانی ئەورووپادا چۆن بەدی دەکرێت، و ئایا هیچ جیاوازییەك بەدی دەکرێت بەراورد بەو حاڵەتەی لە ئەمریکادا ئاماژەت پێ کرد، لە پەیوەندی بە باری دیموکراسی و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتەوە؟**

- بەڵێ، لە ئەورووپا و وردتر بڵێین لە هەندێ وڵاتی ئەورووپادا، وەك پۆڵەندا و هەنگاریا، بارودۆخێکی جیاواز لە ئارادایە لە پەیوەندی بە دیموکراسییەوە، بە هەمان شێوە لە تورکیاشدا، کە حاڵەتێك هەیە پێی دەوترێت زۆرینە، کە زۆرینەش پشتیوانی لە سەرۆکی وڵاتەکە دەکات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دیموکراسییەتی پۆپۆلیستی، کە حاڵەتێکی مەترسیدارە و هەندێ جار سەرکردەی وڵاتەکە دەست بۆ گۆڕینی دەستووریش دەبات، کە من ناوم ناوە ئاڵوگۆڕی پۆپۆلیستی.

*** بەڵام ئایا ئەم داکشانی دیموکراسییە حاڵەتێکە، یان ڕەوتێکە و ناتوانرێت ڕابگیرێت، یان پێچەوانە بکرێتەوە، یانیش دەتوانرێت دیموکراسی ڕزگار بکرێت و بارودۆخەکە باشتر بکرێت؟**

- ڕەنگە من بە داکشانی دیموکراسی وەسفی نەکەم،






هێندەی ئەوەی پێم وایە دیموکراسی ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە، بەهۆی واقیعە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکەوە، بۆ نموونە: داکشانی هەندێ لەو سیاسەتانەی کە دەبوونە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری هاووڵاتیان هەست بکەن، ئەوان بەشێکن لە واقیعێکی دیموکراسی و، ئەو هاووڵاتییانەش لە بارودۆخێکی باشتردا بوون، بەڵام بە هۆی ئەو سیاسەتانەی بەم ساڵانەی دوایی گیرانەبەر، بۆ نموونە بە تایبەتکردنی زۆرێك لە خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان، بووە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە هاووڵاتیان هەست بکەن نایەکسانی هاتووەتەئاراوە، ئەگەرچی دەستووری وڵاتەکەش تەئکید لە یەکسانی دەکاتەوە، بەڵام ئەم یەکسانییە لە واقیعدا بەدی ناکرێت، ئەمەش حاڵەتێکی مەترسیدارە لەسەر دیموکراسی. چونکە دەبێت ئەندامانی کۆمەڵگە هەست بکەن بەشێکن لە هاووڵاتییە یەکسانەکان، دواتر مەبەستم لە یەکسانی تەنیا یەکسانی لەبەردەم یاسادا نییە- کە زۆر گرنگە-، بەڵکو یەکسانییە لە دەرفەتی گوزارشتکردن لە تواناکان و لە دەنگداندا. کەواتە ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا لە ئێستادا دیموکراسی ڕووبەڕووی کێشەیەك بووەتەوە کە بریتییە لە داکشانی دەرفەتی یەکسان بۆ هاووڵاتیبوون.

*** ئێوە نووسەری کتێبێکن لەبارەی ئەوەی چۆن پۆپۆلیزم ئاڵوگۆڕ بەسەر دیموکراسیدا دەهێنێت، ئایا لە ئێستادا ئەم ئاڵوگۆڕە بەسەر دیموکراسیدا هاتووە و، ئایا سرووشتی ئەم گۆڕانکارییەش چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئاڵوگۆڕ بەسەر دیموکراسیدا هاتووە، ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە لە پۆپۆلیزم تێگەیشتین کە پۆپۆلیزم بەشێکە لە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا ئەوەی هەیە، دیموکراسییەتی نوێنەرایەتییە و نوێنەرایەتیکردنێکیش کە چەند دەیەیەك پێش ئێستا لەلایەن کۆمەڵێك حزبی ڕێکخراوەوە ئیدارە دەدرا، کە کاندیدەکانیان هەڵدەبژارد، هەروەها دەبوونە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان بەشداری بکەن، بەڵام لە ئێستادا ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەویش لەبەر ئەو گۆڕانکارییەی لە ڕاگەیاندندا دروست بووە، وەك هاتنەئارای سۆشیال میدیا و، بەهۆی داکشانی حزبی ڕێکخراوەوە، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە هاووڵاتییان بەبێ بوونی ڕێکخراوی گرنگ بمێننەوە. لەم حاڵەتەدا بوارێك دروست بووە کە کەسێك، یان سەرکردەیەك بە تەنیا بتوانێت سۆشیال میدیا بەکار بهێنێت و، بانگەشەی ئەوە بکات کە نوێنەرایەتی و بەرجەستەکاری ئیرادەی خەڵك دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیموکراسی کەمتر فرەیی بەخۆوە ببینێت و کەمتر لێبوردە بێت، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەمە حاڵەتێك نییە لە دەرەوەڕا سەپێندرا بێت بەسەر دیموکراسیدا، بەڵکو ئەمە پەرەسەندنێکە لە نێو خودی دیموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە و سەریهەڵداوە و، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم سەرکردانە کارێك بکەن کە خەسڵەت و ڕواڵەتەکانی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران و چاودێران ئاماژە بە وڵاتی چین دەکەن، کە ئەدایەکی ئابووری سەرسووڕهێنەری هەیە، لە کاتێکدا ڕژێمێکی خۆسەپێنیش حوکمڕانی دەکات لەو وڵاتەدا، پێت وایە ئەوەی لە چین دەگوزەرێت، دەبێتە مۆدێلێکی بەدیل بۆ دیموکراسی؟**

- ئێوە خاڵێکی باشتان ورووژاند، چونکە حاڵی حازر کەسانێکی ئەکادیمی و دیاری نێو خودی هەندێ لە دیموکراسییەتە دێرینەکانیش مشتومڕی ئەوە دەکەن، چین لە حاڵەتی ململانێدایە لەگەڵ دیموکراسی. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە چین هەوڵی ئەوە دەدات، ئەزموونەکەی بەو شێوەیە بخاتەڕوو، کە ئەوەی لە وڵاتەکەدا حوکمڕانی دەکات، دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە، بەڵام ڕەزامەندیی خەڵکی لەگەڵە و، تەنانەت لەسەر ئاستی محەلییش خەڵکی بەشداری لەم حوکمڕانییەدا دەکەن. خاڵی گرنگ و سەرنجراکێش لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم جۆرە حوکمڕانییە دەرئەنجام و دۆخێکی باش بۆ خەڵکەکەی و بۆ هاووڵاتییەکانی دەستەبەر دەکات؟ مەبەستم ئەوەیە حوکم لەسەر دەرئەنجامەکان دەدرێت، واتە ئەم تێڕوانین و بۆچوونە پێی وایە ئەگەر هاتوو سەرکردەیەکی خۆسەپێن هەبوو و توانی هەلومەرجێکی باش و لەبار بۆ خەڵکەکەی بخوڵقێنێت، ئەوا ئیدی بۆچی خۆمان سەرقاڵ بکەین بە دیموکراسی و بەشداریکردنی خەڵك و ململانێ و کێبڕکێ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن؟ ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورە و گرنگە و نابێت فەرامۆش بکرێت. بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا مەبەست لە بەشداریکردن بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدان و لابردنیانە لە دەسەڵات، ئەگەر هاتوو ئەدایەکی باشیان نەبوو، یان لە گەندەڵییەوە تێوەگلان، ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە ئەوا لە دیموکراسیدا و لە ڕێی بەشداریکردنی خەڵکەوە لە پرۆسە دیموکراسییەکاندا، سیستمێکی حوکمڕانی بە چەشنێك ئیدارە دەدرێت، کە شەرعییەتی زیاتری

**دیموکراسی ڕووبەڕووی کێشەیەک بووەتەوە کە بریتییە لە داکشانی دەرفەتی یەکسان بۆ هاووڵاتیبوون**

**بوارێک دروست بووە کە کەسێک، یان سەرکردەیەک بە تەنیا بتوانێت سۆشیال میدیا بەکار بهێنێت و، بانگەشەی ئەوە بکات کە نوێنەرایەتی و بەرجەستەکاری ئیرادەی خەڵک دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیموکراسی کەمتر فرەیی بەخۆوە ببینێت و کەمتر لێبوردە بێت**

**حاڵی حازر کەسانێکی ئەکادیمی و دیاری نێو خودی هەندێ لە دیموکراسییەتە دێرینەکانیش مشتومڕی ئەوە دەکەن، چین لە حاڵەتی ململانێدایە لەگەڵ دیموکراسی**

**لە بنەڕەتدا مەبەست لە بەشداریکردن بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدان و لابردنیانە لە دەسەڵات، ئەگەر هاتوو ئەدایەکی باشیان نەبوو، یان لە گەندەڵییەوە تێوەگلان**

هەبێت و کەمتر هەڕەشە و مەترسی بێت بۆ سەر ئازادییەکان و بگرە دەبێتە هۆی بەرفراوانکردنی بازنەی خۆشگوزەرانیی خەڵك، کە لێرەدا تێڕوانینەکە ئەوەیە کە حوکمڕانە خۆسەپێنەکان ناتوانن ئەم کارانە بکەن. هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەوەی ئاماژەمان پێکرد لەبارەی دیموکراسییەوە لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگدانەوەی هەبێت و بەرجەستە بکرێت، واتە پرسەکە لە بازنەی بانگەشەی تیۆریدا نەمێنێتەوە، چونکە ئێستا تەحەددییەکە ئەوەیە کە دەبینین لە هەندێ وڵاتی دیموکراسیدا خەڵکی لە بارودۆخێکی خراپدان، لە کاتێکدا لە هەندێ لەو وڵاتانەی حوکمڕانییەکی خۆسەپێنیان هەیە، هاووڵاتییان لە دۆخێکی باشدان، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت دیموکراسی شێواز و ڕێگای هەڵسووڕانی خۆی بگۆڕێت.

*** گوزارشتێك هەیە لەبارەی ئاشتیی دیموکراسی، بەو واتایە کە وڵات و کۆمەڵگە دیموکراتییەکان ناکەونە شەڕ و جەنگەوە لەگەڵ یەکتردا، بە چەشنێك ئەگەر هاتوو سەرجەم وڵاتان بوونە دیموکراسی، ئەوا ئاشتی لە جیهاندا بەرپا دەبێت و ئەگەری شەڕ لە ئارادا نامێنێت، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە ئایدیۆلۆژیایەکە و لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە برەوی پێ دەدرێت، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووە، کە ئەوەی بەدی کراوە لەم ڕووەوە، ئەوە بووە کە ئەمریکا هەوڵی سەپاندن، یان هەناردەکردنی دیموکراسی بۆ وڵاتانی دیکە داوە، کە ئێستا ئەمە بووەتە کێشە لە جیهاندا، کە دەتوانم بڵێم ئەمە هەمیشە مایەی کێشە بووە، بۆ نموونە بڕیارەکەی ئیدارەی سەرۆك بایدن بۆ کشانەوە لە ئەفغانستان نیشانەی شکستێکی گەورە بوو لە هەوڵەکانی ئەمریکا، چونکە بیست ساڵ لە کاولکاری لەو وڵاتەدا و خەرجکردنی داهاتێکی زۆر، دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە دۆخێکی خراپتر لەو وڵاتەدا هاتەئاراوە. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە دەبێت ڕۆژئاوا دەست لەو وتەیە هەڵگرێت، کە دەڵێت دیموکراسییەکان شەڕ لەگەڵ یەکتردا ناکەن، چونکە ئەمە بووەتە پاساوێك بۆ ئەوەی بڵێن کە بۆ بنبڕکردنی شەڕ، دەبێت هەموو شەڕێك بەرگی دیموکراسیی بە بەردا بکرێت. واتە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت لە ناو کۆمەڵگەدا خواست و ویستی لەسەر بێت و خەڵکی خەبات و تێکۆشانی بۆ بکەن و، ناکرێت ئازادی هەناردە بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ناو کۆمەڵگەوە شەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بکرێت.






# خانمانی کوردستان دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن



هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستی پێکردووە و لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا خۆیان بۆ چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانێك هەڵبژێرن، کە چاوەڕوان دەکرێت کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن کار و کۆششی جیددی بکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی دامەزراوەکانی حکومەت و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، ئێستاش کە هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بۆ دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز ئەنجام دەدرێت، خانمانی کوردستان دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنیا لە سەر دەستی سەرۆکی پارتی و لیستی پاڵێوراوانی پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق دەکرێت کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی











دهۆک بارزانی بەرپرسی ناوەندی سۆرانی (ی.ئا.ک):

## پێویستە دەنگ بە بەربژێرە ڕاستەقینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێ

پارتی لەگەڵ ئازارو ناخۆشییەکانی ئەم میللەتە تێگەیشتووەو پێگەیشتووە، تاکە حزبە دەتوانێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرگری لە مافە ڕەواکانی میللەتی کورد بکات .

ئاشکرایە بەربژێرەکانی پارتی نوێنەری ڕاستەقینە دەبن، خولەکانی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەران شایەتی ئەم ڕاستیەن، چونکە زۆر بەسەربەرزانە بەرگریان لە مافەڕەواکان میلەتی کورد کرد تا ئەو کاتەی پێویستی بە بایکۆت بووە، توانیویانە دانیشتەنەکانی پەرلەمان پەک بخەن و نەهێلن دژی مافەکانی کورد کۆدەنگی دروست بێ، بۆیە ئەم جارەش پێویستە دەنگ بە بەربژێرە ڕاستەقینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێ.

جا بۆ ئەوەی کورد یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بێت و ئامانجە ڕەواکانی میللەتەکەمان بەدی بێت، پێویستە دەنگ بەبەربژێرەکانی پارتی بدرێت و هەموو تاکێکی دڵسۆزی کوردستان کار بۆ سەر خستنیان بکات.



ڕاژان ستونی چالاکی مەدەنی:

## پارتی و بارزانی هەمیشە لەگەڵ ئێش ئازاری گەلی کوردستاندا بوون

دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەرە، چونکە پارتی و بارزانی بە درێژایی قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان سەروەری دوای سەروەرییان تومار کردووە. بۆ ئەوەی کورد و کوردستان پارێزراو بێت.

مێژوو گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی کە پارتی و بارزانی لە هەموو سەردەمەکاندا، چ لە سەردەمی چەکداری یانیش لە سەردەمی شارستانیدا بەردەوام بە بێ راوەستان بۆ پاراستنی کەرامەت و ئیرادەی سیاسی گەلەکەمان لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردندا بوون.

پارتی ئەو حزبەیە کە لە گشت ئەو پرۆسانەی دەنگداندا کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرێوەچوون هەردەم لە ڕیزی هەرە پێشەوەی گشت لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان بووە بە جیاوازیەکی زۆرەوە؛ چونکە هەمیشە پارتی و بارزانی لەگەڵ ئێش ئازاری گەلی کوردستاندا بوون.

کەواتە دەبێ ئەلتەرناتیڤ چی بێت؟ بێجگە لە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان! بۆیە بە شانازییەوە بێ دوو دڵی دەنگ بە لیستی پارتی و بارزانی دەدەم.



هێشوو دارا ساڵح بەرپرسی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی (ی.ئا.ک)

# دەنگم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت

من وەك ئافرەتێك بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەدەم، چونکە خاوەن ئەجێنداو مەنهەجیەتێکە باوەڕی تەواوی بە مافەکانی ئافرەتان هەیە و هەمیشە پاڵپشتی ئافرەتانە بۆ ئەوەی بگەن بەناوەندەکانی بڕیاردان، ئەمەش وای کردووە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بۆ مەسەلەی ئافرەتان ئەجێندای تایبەتی هەبێت، بەتایبەت ئافرەتە کاندیدەکانیش خاوەنی بەرنامەو پڕۆگرامی خۆیانن لە پەرڵەمانی عێراق زیاتر ئەتوانن پشتگیری بکەن لە مافەکانی ئافرەتان و کۆمەڵێك بابەت و پرس هەیە بۆ ئاییندە ئەتوانن کاری لەسەر بکەن و پڕۆژە یاسا ئامادە بکەن بە جۆرێك لە خزمەت ئافرەتاندا بێت. ئێمەش ئەمانەوێت زۆرترین ئافرەتی کاندیدی پارتی بچێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو ئەجێندایەی کە پارتی هەیەتی بۆ خزمەت کردنی ئافرەتان و کوردستان بتوانن کاری لەسەر بکەن، هاوکات پارتی لە هەموو حزبەکانی تر زیاتر پێداگیری دەکات لەسەر مافەکانی گەلی کورد بەبێ جیاوازی کەمینەو پێکهاتە جیاوازەکان، لەهەر شوێنێك کە پێی کرابێت و کۆدەنگیەك هەبوو بێت لەسەر مافی گەلی کوردو کوردستان هەمیشە دەستپێشخەر بووە، منیش دەنگم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت.






# هونەرمەندان و هەڵبژاردن

کەمتر لە مانگێك ماوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارەیەك پاڵێوراو لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق بەشداری دەکات، هاووڵاتیانیش وەك هەمیشە ئومێدیان بە پاڵێوراوانی پارتی هەیە، چونکە سەرکەوتنیان زامنی چەسپاندنی دیموکراسیەت، ئازادی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە، هونەرمەندان داوا لە خەڵکی دڵسۆزی کوردستان دەکەن بە پەرۆشەوە بچن بۆ بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدەن و مافی دەستکەوتە شەرعیەکانی کوردستان پارێزراوبن.



هونەرمەند هیوا سوعاد:

# دەنگ بەو کەسانە بدەن کە زامنی بەدیهێنانی مافەکانتانن



ئەگەر سەرنج بدەینە وڵاتانی پێشکەوتوو، دەبینین هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی مافە دیموکراتییەکان و چەسپاندنی دیموکراسییەتە لە وڵاتەکانیاندا و، بەردەوامیشن لەو هەوڵ و کۆششانە، چەسپاندنی دیموکراسییەتیش بۆ ئەوەیە کە خەڵك نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت و بتوانێت ڕای خۆی دەرببڕێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لای ئێمەش هەر کاتێك هەڵبژاردن نزیك دەبێتەوە، کۆمەڵێك گرفت دەهێندرێتە پێشەوە و بیانوو و قسەی باسی وا دەکرێت کە خەڵك لە دەنگدان سارد بکرێتەوە.

لێرەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هاووڵاتی کاتێ دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان، سێ ئامانجی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە هەست بکات لەو وڵاتەدا کە تێیدا دەژی، ئەویش بڕیاردەرە و خۆی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، دووەمیان ئەوەیە کە ئەم وڵاتە دیموکراسییەتی تێدا پیادە دەکرێت، ئامانجی سێیەمیشی ئەوەیە بتوانێت بە هەڵبژاردنی کەسەکان گۆڕانکاری ئەنجام بدات، لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات. ئیتر ئەمە ئەمانەتێکی گەورەیە کە پێویستە هەموومان پێوەی پابەند بین و بچین دەنگ بدەین، تا لەو ڕێگایەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین و بزانین کێ دڵسۆزە بۆ میللەتەکەی و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان، ئەوکەسە هەڵبژێرین، منیش وەك هونەرمەندێك تەنیا کاندیدەکانی پارتی بە شایستە ئەو ئەمانەتە دەزانم و دەنگم تەنیا بۆ ئەوانە.






### هونەرمەند جەمال محەمەد:

## بۆ سەرکەوتنمان لە بەغدا پێویستە یەک ڕیز و تەبا بین



ئەمڕۆ میللەتەکەمان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، ئەویش بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کوردیش وەك لایەنێکی بەهێز، دەیەوێت ڕۆڵی لەو هەڵبژاردنەدا هەبێت، بۆ ئەوەی پێگەمان لە بەغدا بەهێز بێت و بتوانین مافەکانمان بە ڕێگای یاسایی بەدی بهێنین، هەر بۆیە وەك هونەرمەندێکی موزیسیان پشتگیری لەوە دەکەم کە هەر تاکێکی کورد بچێت بۆ دەنگدان، تا بەشێوەیەکی یاسایی گشت مافەکانمان بە دەست بهێنین، چونکە تا ئێستا زۆر لە مافەکانمان بە دەست نەهاتوون، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێم و پتەوتر کردنیان و، بۆ مسۆگەرکردن و دەستەبەرکردنی ئەو مافانە، پێویستە تاکی کورد بە گرنگییەوە لەو بابەتە بڕوانێت و بەشدار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا و بزانن کاتی ئەوە هاتووە کورد گشت مافەکانی بەدەست بهێنێت، لە هەمان کاتدا پاڵێوراوە ڕاستەقینەکان هەڵبژێرن، کە شایستەی ئەوەن لە بەغدا نوێنەرایەتییان بکەن و لە پەرلەمان بە هیز و حیکمەتەوە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی مافەکانیان مسۆگەر بکەن، دیسان دووبارەی دەکەمەوە، لەو قۆناغەی هەستیارەی ئێستادا کە عێراق و ناوچەکە بە گشتی پێیدا تێپەڕ دەبێت، یەکریزی و تەبایی کورد لە بەغدا لە بابەتە هەرە گرنگەکانە، پارتی وەك حزبێکی زیندوو خەمخۆری سەرەکیی ئەم بابەتەیە، بۆیە دەنگم بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

### حەمەڕەشید هەرەس:

## کورد ئەو کوردەیە ئیتر باوەڕ بە قاڵەی دەمی کوردفرۆش نەکات



کەم کەم لە هەڵبژاردن نزیك دەبینەوە، هەڵبژاردنی ئەو عێراقەی بە ئێستاشەوە، تەمای چاکەی بۆ کوردستان لێ ناکرێت، ئەو عێراقەی بە ویستی ئەوانەی کۆنترۆڵی جیهانیان بە دەستەوەیە، ناچارین لە چوارچێوەکەیدا هەڵسوکەوت بکەین، تا دەگەین بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان، بێگومان ئەمڕۆ کەوتووینەتە ناو عێراقێکەوە بە هۆی مێلیشیا و، مەزهەب و، گەندەڵییەوە، لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەدایە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە دواکەوتن و کارەسات دەکات و، ئاسۆیەکی تەڵخ ئێستاو داهاتووی تەنیوە، ئەمە بۆچوونی من نییە، بەڵکو بۆچوونێکی نێونەتەوەییە کە هەر سات ناساتێك دەیدەن بە گوێی جیهاندا، لەم وڵاتە بێسەروبەرەدا کورد بە ناچاری دەبێت هەڵ بکات و ئاسوودەیی بۆخۆی مسۆگەر بکات، من پێم شوورەییە دەنگ بۆ کەسێك بدەم کە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەوە مەڵاس داوە، کە چووە پەرلەمانی عێراقەوە شانبەشانی دوژمن تەواوکەری کوێرەوەریی خاك و نیشتمانەکەی بێت، کوردیش ئەو کوردەیە ئیتر باوەڕ بە قاڵەی دەمی کوردفرۆش نەکات، خوێندنەوەی بۆ کەسانی مشەخۆر و، کەسایەتیی هەڵبژێردراوی ئەو حیزبانەش هەبێت کە وەك ئیسفەنجێك بۆ هەڵمژینی بیری نەتەوەیی دروست بوون، باشترین پاڵێوراو لە ڕابردوو لەئێستاشدا کە بە بەرپرسیارێتییەوە کاریان کردبێت، نوێنەرەکانی پارتی بوون، بۆیە بەبێ دوودڵی دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم.

### کەمال شێخ ڕووف هەنجیرە:

# با پەیمانی کۆمەڵایەتی ببێتە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەڵبژاردن



پرۆسەی هەڵبژاردن لە سیستمی دیموکراسیدا مافێکی گشتییەو هەر وڵاتێك یاسای تایبەتی خۆی لەسەر بنەماکانی پارێزگاری لە مافەکانی تاك دادەڕێژرێت و، پاشان پرۆسەکە بەئەنجام دەگەیەنرێت، هەڵبژاردنی ئەمجارەش کە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەلەمانی عێراق، لەم بارودۆخەی عێراقی تیادا دەگوزەرێت، بۆ گەلی عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر هەستیارە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد زۆر بە لێبوردەییەوە لە ڕۆژی دەنگداندا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچێت، بە تایبەت هونەرمەندان کە هەستیارانەتر ئەرك و بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆدایە، پێویستە هەموو تواناو بەهرەمەندییەکانیان لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا بێت. من وەك هونەرمەندێك داوا لە هەموو هونەرمەندان دەکەم، لەم کات و ساتە هەستیارەدا، لە ئەرکە مێژووییەکەی خۆمان بەرانبەر بە چارەنووسی گەلەکەمان دوا نەکەوین، بە هەموو توانایەکمانەوە بەرەو سندوقی دەنگدان بچین، بەبێ پێگەی بەهێزمان لە پەرلەمانی عێراقی فیدراڵدا، ناتوانین پاریزگاری لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم و هەموو ئەو دەستکەوتانە بکەین کە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە پێگەیەکی نیودەوڵەتیشی بە خۆیەوە هێناوەتە ئاراوە، پێویستە لە سەر تاکی هاونیشتمانی کە خۆی بە بەشێك لە گشت لە قەڵەم بدات، ئەویش پارێزگاریکردنمانە لە کوردستانی بوونمان، وەك قەوارەیەکی هەرێمیی پارێزراو لە عێراقێکی فیدراڵی سەربەخۆدا .، ئەوەش تەنیا بە پێگەی بەهێزمان لە پەرلەمانی عێراق و بە کەسانی دڵسۆز دەکرێت، بێگومان کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدان و ڕابردووش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، بۆیە دەنگدانمان بە کاندیدەکانی پاتی مسۆگەرکردنی دەستکەوتەکانمانە.






# وەرزشکاران دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن



ڕۆژبەڕۆژ لە دەنگدانی گشتی بۆ نوێنەرانی پەرلەمانی عێراقی نزیک دەبینەوە، کە بڕیار وایە لە ڕۆژی ١٠ی مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت و لایەنە سیاسییەکان، کێبڕکێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەڕلەمانی عێراقی بکەن، لایەنگر و دۆست و خۆشەویستانی پارتییش دەیانەوێ لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی عێراق تۆماربکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین نوێنەری کوردیان لە بەغداد هەبێت، بۆ ئەوەی شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بکەن، وەرزشدۆستان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەن و دەیانەوێت بە دەنگەکانیان نوێنەرەکانیان سەربخەن، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان ژمارەیەك لە وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانی دواندووە.


ئا: کارزان کانەبی




**لە پێناو گەڕاندنەوەی کەرکووک، شنگال، خانەقین و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان، دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتییە**







**بۆهەمـان مەبەسـت ڕاهێنـەری تایکوانـدۆ سـەردار تەیـب بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی:** «بۆیـە دەنـگ بـە کاندیدانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەدەیـن، چونکـە پارتـی حزبێکـی نەتەوەییـە و لـە داهاتووشـدا دڵنیایـن زیاتـر خزمـەت بـە بـواری وەرزشـیی دەکات، هیـوادارم وەرزشـکاران دەنـگ بـەو کاندیدانـە بـدەن کـە لـە ئەلـف و بێـی وەرزش بزانێـت، داواکاریـم لـە کاندیدانـی پارتـی ئەوەیـە کـە لـە بەغدا بودجەیەکـی بـاش بـۆ وەرزش داوا بکـەن، بـۆ باشـتربوونی ژێرخانـی وەرزشـیی هەرێمـی کوردسـتان، بەتایبەتـی شـاری هەولێـر.

**چالاک حوسێن یاریزانی بەرزکردنـەوەی قورسایی بۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی:** «بۆیـە دەنـگ بـە کاندیدانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەدەیـن، چونکـە لـە بەرەنـگار بوونـەوەی قەیرانەکانـدا حزبێکـی سـەرکەوتووە، داواکارم لـە وەرزشـکاران چاوەکانیـان بکەنـەوە و، کـە چوونـە سـەر سندوقی دەنگـدان، بزانـن کـێ زیاتـر خزمەتـی وەرزشـیی کوردسـتانی کـردووە، ئـەو کاندیدانـەش کـە خۆیـان هەڵدەبژێـرن، پێویسـتە کـە چوونـە بەغـدا گرنگـی بـە وەرزش و وەرزشـکاران بـدەن و، ئـەو وەرزشـکارانەی سـاڵانێکە خزمەتیـان کـردووە دەسـتی هاوکاریـی مـاددی و مەعنەوییـان بـۆ درێـژ بکـەن و، درێغـی نەکـەن لـە خزمەتکـردن بـە وەرزشـکارانی شـارەکانی کوردسـتان».



**عیمـاد ئەسـعەد ڕاهێنـەری لاوانـی هەولێـر ئەویـش لـەم بارەیـەوە بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی:** «دەنـگ بـە کاندیدانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەدەم، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن کوردسـتانێکی ئارامـمان هەبێـت، پارتـی خزمەتـی زۆری بـە وەرزشـی کوردستان کـردووە و، لـە هەمـوو کایەکانـدا پێشـکەوتن دەبینرێـت، بۆیـە دەنگیـش بـەم لیسـتە دەدەم، هیـوادارم وەرزشـکارانیش لەسـەر سـندوقەکانی



**هەر لەسەر ئەم پرسە یاریزانی تۆپی بالە خەیاڵ حەمە لەمبارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «بۆ زیاتر بەدەستهێنانی مافەکانمان دەنگ دەدەین بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها داوام وایە وەرزشکارانیش بژاردە ڕاستەکە دیاری بکەن و، دەنگ بدەن بەو لایەنەی کە گرنگی بە دەستکەوت و خەونەکانیان دەدات، داواشم لە کاندیدانی پارتی ئەوەیە کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزش و سەقامگیریی کوردستان و، بەرزڕاگرتنی ئەو متمانەیەی دەنگدەر و، پابەند بن بە بەڵێنەکانی سەرۆك بارزانی کە بە وەرزشکارانی داوە».




دەنگدان ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن، ببینن کە لە ماوەی ڕابردوودا کێ خزمەتی کوردستانی کردووە، کێ شەڕی لەسەر مافە نەتەوەییەکان کردووە، بەهیوای ئەوەم کاندیدانی پارتیش لە بەغدا زیاتر شەڕی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان بکەن، خەمێکی جدی لە وەرزشی کوردستانیش بخۆن و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەن.







**کاژین خوادە یاریزانی تۆپی دەستی بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێ:** «دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە ئەو لیستە باشترینە بۆ خزمەتکردنی وەرزش و لەویش باشتر نییە، هیوا و ئومێدی زۆرمان بەو لیستە هەیە، نەك هەر لە بواری وەرزش، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا بە گشتی پارتی خزمەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کردووە، وەکو وەرزشوانیش داواکاریمان ئەوەیە کە لە داهاتووشدا نوێنەرانمان کار بۆ وەرزش بکەن، پێویستیمان بە کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی هەیە بۆئەوەی وەرزش بچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، پێویستە لە بەغدا شەڕی وەرزشیش بکەین وەکو هەموو بوارەکانی دیکە، بۆ ئەوەی لە ڕیزی پێکهاتەکانی عێراقدا لە خول و پاڵەوانێتییەکاندا زۆرترین وەرزشکارمان هەبێت».

**هەژار وەهاب ڕاهێنەری تایکواندۆ، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم،چونکە پارتێکی کوردییە و شۆڕش و خەباتی کردووە بۆ بەدیهاتنی ئازادی بۆ کوردستان و، بوونی ئەندام پەرلەمان لە عێراق خۆی لە خۆیدا پشتگیرییەکە بۆ وەرزشکاران لە پایتەختی عێراق، بۆ بەدیهاتنی خەونی یاریزانان تا بتوانن لە داهاتودا وەکو یاریزانی هەڵبژاردە یاری بکەن، داوا لە کاندیدەکان دەکەم داکۆکی لە مافی وەرزشکاران بکەن لە بەغدا، کە چەندین جار تایکواندۆکارانمان بە هەقی خۆیان توانای ئەوەیان هەبووە بگەنە هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی پشتگیرییان نییە، تووشی کێشەیان دەکەن و دووریان دەخەنەوە، لەهەمان کاتدا نەبوونی دەرماڵە بۆ یانەکان وا دەکات یاریزانمان بۆ یانەکانی دیکەی عێراق یاری بکەن، هەربۆیە دەنگمان بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە تا مافە زەوتکراوەکانمان بۆ بگێڕنەوە.









**مامۆستا شاخەوان عارف ڕاهێنەری هێزی جەستەیی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:**

بە حەقیقەت پارتی حزبێکی سەرتاسەریی بەهێزە و مەرجەع و گەورەیی و ڕێزگرتن لە جێبەجێکردنی بڕیاری سەرەوە لە گشت ئۆرگانەکاندا هەیە، لەو حزبەدا دیموکراسییەت هەیە و تاکە حزبە کە خاوەنی مەرجەعییەتی خۆیەتی، لە کێشەی کوردستاندا پارتی تاکە حزبە کە داکۆکیکارە لە مافی هاووڵاتیان، لەسەر ئاستی دەرەوە و عێراقیش پارتی هەمیشە خۆی بە خاوەنی ئەم دۆزە زانیوە، کاندیدانی پارتی پێویستە کار بۆ ئەوە بکەن کە گرنگی بە بواری وەرزشی کوردستان بدرێت و، لە ڕووی ژێرخانی وەرزشییەوە پێویستە کار لەسەر دروستکردنی یاریگا و هۆڵی داخراوی مۆدێرن بدەن، هەروەها گرنگی بە یەکێتییە وەرزشیەکان بکەن و ساڵانە بتوانن پاڵەوانی کوردستان ببنە دەرەوەی وڵات، تا ئیمتیازاتی زیاتری هەبێت، پێویستە کاری کاندید تەنیا بۆ چوونە بەغدا نەبێت، بەڵکو ئاورێك لە وەرزشی کوردستانیش بدەنەوە، ئەو گرینگیدانە بۆ ڕاهێنەر و یاریزان و وەرزشکاران گرنگە، بۆ بەدەستهێنانی چەندین بڕوانامەی وەرزشی، تا لە ڕێگەی پەڕلەمانەوە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق بتوانن گرنگی بە وەرزشیی کوردستانیش بدەن.




**سـولین ئەسـعەد یاریزانـی تۆپـی فوتسـاڵ لـە یانـەی ئاکـرێ بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی:** دەنگدانـم بـە لیسـتی پارتـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە تاکـە لیسـتە خزمـەت بـە گـەل و نیشـتمان و وڵات بـکات، هەمیشـە دەنگـم بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەبێـت، داواکارییشـم وەکـو وەرزشـوانێك بـۆ کاندیدانـی پارتـی ئەوەیـە کـە بـە جدی کار بـۆ سەرخسـتنی وەرزش و چوونـە پێشـەوەی وەرزش بکـەن لـە کوردسـتان، ئێسـتا وەرزش بـۆ کچـان بـەرەوو لەناوچـوون دەچێـت، بۆیـە هیواخـوازم کاندیدانـی پارتـی هـاوکار و پاڵپشـتی وەرزشـیی کوردسـتان بـن.



**محەمـەد یاسـین گۆڵپارێزی یانـەی هەندرێـن بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی:** بۆیـە دەنـگ بـە پارتـی دەدەم، چونکە هێزێکی سەرەکیی کوردستانە و خاوەن ڕابردوویەکی دوور و درێژی بەرخودانە و، پێگەیەکی سیاسـیی بەهێـزی لـە کوردسـتان و ناوچەکـە هەیـە و، ئەزموونێکـی باشـی حکومڕانییشـی هەیـە، بۆیـە داواکاریـن لـە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان کـە چوونـە پەڕلەمانـی عێـراق، ئاوڕێکـی جدی لـە وەرزشی کوردستان بدەنـەوە و هـەوڵ بـدەن یاسـایەکی تایبـەت بـە وەرزش و وەرزشکاران دەربکـەن، کـە مافـی هەمـوو لایەکـی تێـدا پارێـزراو بێـت، وەکـو ئەرکـی حکومیـش هـەوڵ بـدەن ژێرخانێکـی باشـی وەرزشـی دروسـت بکـەن و گرینگـی زیاتـر بـە وەرزش و لاوان بـدەن.

له‌ پێناو
كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی مه‌ده‌نی و
هۆشیار و پێشكه‌وتوو،
ده‌نگ به‌ كاندیدانی
پارتی بده‌ن



**هەندرێن عەلی یاریزانی تۆپی پێ بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی:** دەنگ دەدەم بە کاندیدانی پارتی، هیوادارم ئەوانیش هاوکاریی وەرزشوانی نەخۆش بکەن، هەروەکو چۆن سەرۆکی حکومەت (دیار رەحمان)ی نارده دەرەوەی وڵات، کۆمەڵێک وەرزشوانی دیکەی نەخۆش هەن، ئەوانیش پێویستە هاوکاری بکرێن، بۆیە کاندیدانیش دەبێ خەمی وەرزشی کوردستان و وەرزشکارانیان هەبێت.







**هەر سەبارەت بەم بابەتە کامەران شەهاب راهێنەری وەرزشی جیمناستیک گوتی:** وەکو وەرزشکارێك دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، هیوادارم چاکسازی لە سێکتەری وەرزشیشدا بکرێت و ئاینده‌ی وەرزش بەرەوپێش بچێت، داواکارم لە هەموو وەرزشکاران دەنگیان بۆ بەربژێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، بۆ خزمەتی زیاتری وەرزشی کوردستان.

# ڕۆژی هەڵبژاردن و پابەندیی هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩

بێگومان پێویستە هەموومان بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەین، ئەمەش ڕوونە کە هێشتا کۆڤید١٩ ماوە، ئەگەرچی ڕێژەی تووشبوون کەمبۆتەوە، بەڵام پێویستە کە پابەند بین بە هەنگاوەکانی خۆپاراستن، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە ڤاکسینی تەواوی کۆرۆناشیان وەرگرتووە. زانا و پسپۆڕانی تەندروستی جەختیان کردۆتەوە کە هەرگیز مەرج نییە ئەو کەسانەی کە هەر دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنایان وەرگرتووە، دوچاری کۆڤید١٩ نەبن، ڕاستە لەکاتی تووشبووندا نیشانەکانیان سووکتر دەبێت و مەترسیی ئالۆزییەکان و پێویستی بە ئۆکسجین و خەواندان لە نەخۆشاندا یەکجار کەم دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویست بە گرتنەبەری هەموو ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ دەکات. ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ڤاکسینی کۆرۆنا وەردەگرن ڕۆژ



به ڕۆژ له زیادبووندایه و، حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بڕێکی زۆریان له ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ سەنتەرەکانی کوتان دابین کردووە، بەڵام هاوشێوەی وڵاتانی جیهان جەخت له پابەندبوون به هەنگاوەکانی خۆپاراستن له کۆڤید١٩ دەکەنەوە، که بریتین له: بەستنی ماسك له شوێنه قەرەباڵغەکاندا، واته پێویسته که له ژوورەکانی هەڵبژاردندا ماسك ببەسترێت، پاراستنی دووریی کۆمەڵایەتی Social distancing لەکاتی نۆبەتگرتن له بنکەکانی هەڵبژاردندا و لەکاتی دەنگدان، بەتایبەتی که ژوورەکان قەرەباڵغ دەبن، هەروەها پابەندبوون به پاکوخاوێنی دەستەکان، جا به شووشتن بێت، یان به بەکارهێنانی پاککەرەوەی پێست.









# پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی یەکەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا

پارتی دیموکراتی کوردستان، خەباتی (٧٥) ساڵەی لە شۆڕش بەردەوامە و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکات، وەك پارتێکی دیموکراتخواز هەمیشە بڕوای بە پێکەوەژیان و فرە ئایین و نەتەوە هەیە، بە درێژایی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان بەرامبەر ڕژێمەکانی عێراق، دەستەوەستان نەبووە و پارێزگاریی لە نشونمای کوردستانییان و مافە ڕەواکانی کوردستان کردووە، تاکە حیزبە کە هێندە ڕووبەڕووی ڕژێمەکانی عێراق بووەتەوە و، بەهۆی ئەوەی سازشی لەسەر ماف و دەستکەوتەکان نەکردووە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا پارتی توانی لەسەر ئاستی عێراق زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت و یەکەمی عێراق بێت، ئەمجارەش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کە لە مانگی ئۆکتۆبەر بەڕێوە دەچێت، ئەنجامێکی بێ وێنە و دەنگێکی بێشومار بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، لەم بارەیەوە ڕاو و بۆچوونی چەندین کەسمان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا وەرگرتووە، کە بەم چەشنەی خوارەوەیە:







**من أجل ترسيخ الأسس الديمقراطية الحقيقية ، صوت لمرشحي الحزب الديمقراطي الكوردستاني في بغداد الحضارة والجمال**







## پارتی دیموکراتی کوردستانە کە دەتوانێت ماف و دەستکەوتەکانی کورد و کوردستان لە سنووری عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش بپارێزێت

شەمسەدین ڕەشید ئەحمەد پاڵانی: وەك فەرمانبەرێك دەنگم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، بەهۆی ئەوەی حزبێکە خاوەن مێژوویەکی دێرینە و ساڵانێکە وەك یەکەمی کوردستان و عێراق، حەکیمانە کاری سیاسەت و وڵات بەڕێوەبردنی گرتووەتە ئەستۆ، چەندین ساڵە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەنگم بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە، چونکە لە هەموو کاتێکدا بەڵێنەکانی لە خزمەتکردنی خەڵك و دۆزی کورد لە ناوخۆ و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەباتە سەر، دەنگی من بۆ ئەو سەرۆکەیە کە ساڵانێکە تەمەنی خۆی وەك پێشمەرگە و سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی پارتی بەخشیوە، پارتی هەمیشە بڕوای بە پێکەوە ژیان هەیە، لە سێبەری فەرمانڕەوایی پارتیدا دەیان نەتەوە و چین و توێژ بە ئازادی و سەربەرستی ڕۆژانەی ژیانیان بەسەر دەبەن، بۆیە لە خزمەت ئەو پارتەدا هیچ کات دەستەوەستان نابین و پشتگیری و دەنگی خۆم بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە دەتوانێت ماف و دەستکەوتەکانی کورد و کوردستان لە سنووری عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش بپارێزێت.

## دڵنیام پارتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگەکانی زیاتر دەکات

بێریڤان زەنگەنە: خەباتی بێوچانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵگەیە لەسەر ئەو هەموو دەستکەوت و پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی حوکمی پارتیدا بەدەست هاتوون، پارتی وەك دێرینترین و یەکەمین پارتی سیاسی لە کوردستان، هەمیشە خۆی بە خاوەن ماف و داکۆکیکار لە کوردا زانیوە، بە درێژایی شۆڕش و بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد لە ڕژێمەکانی عێراقدا، پارتی ئەسپی خۆی تاوداوە و بەرەنگاری ستەمەکان بووەتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەپێی پێگەیەکی بەرز پارتی توانیویەتی دەنگێکی زۆر لە پەرلەمانی عێراق بە دەست بهێنێت، دڵنیاشم لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگەکانی زیاتر دەکات و وەك پارتێکی کاریگەر لە نێو سیستەم و کایەی سیاسیی عێراقدا، جێگەی خۆی دەکاتەوە.



## پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی پەیوەندیی دیبلۆماسی و سیاسیی خۆی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان پتەو و پۆلێن بکات

کامەران عەبدوڵا: لە ١٠/١٠ دەنگ دەدەم بە بەربژێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە لە هەمووان زیاتر ئەوان داکۆکیکاری مافە دەستووری و یاساییەکانی کوردستانن و، بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دەدەن، لەسایەی خەباتی دانەبڕاوەی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکرات و سەرۆکەکەی ڕێزدار مسعود بارزانی، کە خۆنەویستانە درێژە بەو خەباتە دەدەن، پارتی لەسەر ئاستی عێراق خاوەن پێگەی جەماوەری و سیاسیی بەرزە، ساڵانێکە وەك حزبێکی درەوشاوەی کوردستان، نەوەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەوە و وڵاتانی ئیقلیمیش، توانیویەتی پەیوەندیی دیبلۆماسی و سیاسیی خۆی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان پتەو و پۆلێن بکات، بەم هۆیەوە کە وەك پارتێکی یەکەمی کوردستان و تەنانەت لە هەڵبژاردنی پێشووشدا زۆرترین دەنگی لەسەر ئاستی حزبەکانی عێراق بەدەست هێنا، بۆیە دەنگی من بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە.




**في ايام المحن والمصاعب وقفنا لبعضنا البعض، من أجل الا تتكرر المحن ومعاناة النزوح، امنحوا اصواتكم لمرشح الحزب الديمقراطي الكوردستاني في انبار الكبرياء والشموخ**

٧٥



## دەنگم بۆ پارتییە چونکە دەستەبەری ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان دەکات

غەنی ئاکرەیی: من وەك گەنجێك دەنگم بۆ پارتییە، چونکە پارتی حزبی یەکەمە لە کوردستان و عێراقدا کە هەڵبژاردنی پێشوو زۆرترین دەنگی هێنا، یەکێکە لە کۆنترین حزبەکان و خزمەتێکی زۆری کردووە و جەماوەری خۆی هەیە و دەستکەوتێکی زۆری بۆ کورد هەبووە و، چەندان شۆڕش و هەزارەها شەهیدی داوە لە ڕابردوودا و، ئێستاش بەهۆی پارتییەوە ئەم سەقامگیری و خۆشگوزەرانییە هاتۆتە ئاراوە، هەروەها دەستەبەری ئایندەیەکی گەشە بۆ کوردستان و هەلی کار دەڕەخسێنن بۆ گەنجان، لە هەمووی گرنگتر ڕێبازی باب و باپیرانمە، بۆ ئەوەی بتوانێت ماف و ئەرکەکانم دەستەبەر بکات، هەروەها بتوانێت لەسەر ئاستی عێراق پێگەیەکی بەرز و جەماوەریی زیاتری هەبێت، دەنگم بۆ پارتییە.



## پێویستە کاندیدانی پارتی جیاواز لە لایەنەکانی دیکە هەوڵ و ماندووبون و شەونخونیی زیاتر بکەن

شەمسەدین مەولود: هەڵبژاردنی نوێنەران و دەنگدان بە پارتی، لە پێناو بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و زامنکردنی مافەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشت نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان، پێویستە کاندیدانی پارتی جیاواز لە لایەنەکانی دیکە هەوڵ و ماندووبون و شەونخونیی زیاتر بکەن و، پێداگربن لە پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی خۆشگوزارانی بۆ هاووڵاتیان لە لایەنی ئابووری و سیاسی و کارگێرییەوە، هەروەها بەدەستهێنان و گەڕاندنەوەی مافاکان، بەتایبەت دوای ئەو گۆڕنکارییانەی کە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە ڕویاندا، تایبەتتر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها بۆ سەقامگیریی کوردستان و بەرزکردنەوەی پێگەی کورد لە بەغدا و لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانیش، بۆیە لێرەوە پەیامی خۆم بۆ گشت تاکێکی کورد ئەوەیە، داکۆکی و پشتگیری لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، کە تاکە پارتە دەتوانێت کوردستان بەهێزتر بکات.



## پارتی خاوەنی پڕەنسیپ و مێژوو و ئەخلاقە و، هەرگیز لە بەرپرسیارێتی ڕاناکات

حوسێن جەواد بندیان: بەهێز بوونی پارتی زەرورەتێکی مێژوویی و گرنگە بۆ گەلێکی غەدر لێکراوی وەك گەلی کورد، پارتی تەنیا بەڵێن نادات، بەڵکو بەڵێن جێبەجێ دەکات، دوژمنەکانی پێش دۆستەکانی دەناسێت و، لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و خاکی کوردستاندایە، پارتی حزبێکی جەماوەرییە و گوێ لە ڕای جەماوەر دەگرێت، خاوەن پڕەنسیب ومێژوو و ئەخلاقە و، هەرگیز لەبەر پرسیارێتییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ڕاناکات، هەمیشە ڕاستگۆیە لەگەڵ خەباتی ڕابردووی و خوێنی شەهیدان، پارتی هیچ کات لەگەڵ خوێنڕشتن نەبووە و، تەنیا لەسەنگەری بەرگریکردندا بووە، پارتی هەمیشە لەگەڵ کۆتاییهێنان بەشەڕ بووە لە هەموو ناوچەکەدا، بۆ هەموو ئاشتەواییەك دەستپێشخەر بووە و ئاشتی و برایەتی و ئاوەدانکردنەوەی کردووەتە دروشمی خۆی، پارتی بەرامبەر بە نەیارەکانی هەمیشە لێبوردە بووە، بۆیە دەنگم دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەنگم دەنگی لیستی زەردە، چونکە سەرکەوتنی ئەو لیستە بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزە، لیستی شەهیدانی کوردستانە، لیستی پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردستانە و لیستی سەربەخۆخوازانە، لیستی ڕیفراندۆم چییەکانە، لیستی ئەمبراز شکێنەکانە، لیستی خۆنەچەمێنەکانە و، سەرکەوتنمان مسۆگەردەکات، چونکە گەل پشتیوانمانە و کاك مسعود سەرۆکمانە.




**تعزيزا للأخوة العربية الكوردية اخترنا (الدكتور هيثم المياحي) مرشحا للحزب الديمقراطي الكوردستاني في كربلاء الحسين (ع)**



## هەموو ئاوات و ئومێدەکانی کوردستان لەژێر سایەی پارتی دێنەدی

غەفوور سابیر: جگە لەوەی پارتی مێژوویەکی پڕ سەرەوەریی هەیە، هەروەها سەرۆکەکەشی خاوەنی ئیرادە و توانا و کاریزمایەکی سیاسییە، کە شایەنی هەموو متمانەیەکی گەلە، بۆیە دەنگم بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، دەنگدان بەو پارتە واتە مسۆگەرکردنی داهاتووی کوردستان و پاراستنی لە دوژمنان و، واتە کوردستان لە دەستێکی ئەمین و پاکدا دەبێت، لێرەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە جارێکی دیکە بە دەنگی خۆیان پارتی بکەن بە پلە یەك، تا دوژمنان نەتوانن شکۆی ئەو پارتە خاوەن مێژووە بشکێنن، کە هەموو ئاوات و ئومێدەکانی کوردستانیان لە ژێر سێبەری ئەو حزبە دێتە دی، داستان و شۆڕشەکان شاهێدیی ئەوە دەدەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە پارتە خاوەن پێگە و پایەکی بەرز و شکۆردارە، سەرکەوتن هەر بۆ پارتی دەبێت و داهاتووی خەڵکی کوردستانیش لە سایەی ئەو پارتەدا پارێزراو و شکۆدار دەبێت.



## کەرکووک بێ پارتی بێکەسە !

بژار بەکر: من وەك گەنجێکی خەڵکی کەرکووك، هەمیشە لە کەرکووکی دڵی کوردستانەوە، دەنگ و پشتگیریمان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە، پارتی وەك حزبێکی دیموکرات، باوەڕی بە فرە نەتەوە و فرە ئایین و پێکەوە ژیان هەیە، ٧٥ ساڵە داکۆکی لە مافی کورد و دەستکەوتەکانی دەکات، ئامانجی بە دیهێنانی خەونی هەموو تاکێکی کوردە بۆ بوونمان بە دەوڵەت، لە ئێستاشدا کار بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە دەکات کە کوردستانین و لەژێر دەسەڵاتی عێراقدان، پێش خیانەتە گەورەکەی ١٦ی ئەکتۆبەر، کە کەرکووکی دڵی کوردستان لە نێو مشت و سنووری کوردستاندا بوو، بەڵام بەهۆی خیانەتەوە کەرکووك پێشکەش بە حەشدی شەعبی کرا، ئێستا کەرکووك هەتیوە و بێ پارتیی پێوە دیارە، جاران ئاڵای کوردستان لە کەرکووك دەشەکایەوە، بەڵام ئێستا کەرکووك بەبێ حوکمی پارتی بێ کەسە، هیوادارم ڕۆژێك بێتەوە کە پارتی لە کەرکووك ببینمەوە، ئەوەش بە هەوڵ و سیاسەتی حەکیمانەی جەنابی سەرۆك بارزانی و بە دەستهێنانی دەنگێکی زۆر لە پەرلەمانی عێراق دەبێت، تا بتوانین بە شێوەیەکی دەستووری و ئاسایی کەرکووك بۆ باوەشی کوردستان بگەڕێنینەوە، بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم.



## پارتی خاوەنی ستراتیژیکی جێگر و بەردەوامە

زلێخا سەید حوسێن: بەهۆی ٧٥ساڵ تەمەن لە خەبات و قوربانی و ئەرك و بەرپرسیارێتی و کارکردن لە قۆناغە جیاوازەکاندا، دەبێ هەمووان ڕاگری ئەو دەستەڵاتە بین و زیاتر و باشتر کاری بۆ بکەین، بۆ ئەوەی کورد بگات بە ئامانجەکانی و کوردستان یەك دەسەڵات و حوکم و ئیدارە و دادگا و دارایی و داهات و مووچە و خزمەتگوزاری و لێپێچینەوە و پاداشت و ئاسایش و هەواڵگری و هێزی پێشمەرگە و سوپای هەبێت، هیچ نەتەوەیەك بە پەرتکردنی دەسەڵات نەبووەتە کیانێکی ددانپێدانراوی نێودەوڵەتی و دەستووری، کورد دەبێ بیروباوەڕی تەواوی هەبێت کە دەنگ بەکێ دەدات، لە دەنگدان بە کاندیدەکانی پارتی هەموو ئامانجەکانی هەرتاکێکی کورد و کوردستان دێتە دی و، لە داهاتووش بوون بە دەوڵەت مسۆگەر دەبێت، پارتی هەمیشە پاڵپشتی هەژاران بووە و کاری لەسەر پرۆژەی چاکسازی کردووە، پارتی خاوەن پێشکەوتنێکی جەماوەریی بەرفراوانی دیارە و لە دڵی هەر تاکێکی خەمخۆر و دلسۆزی کورددا جێی خۆی دەکاتەوە، خەڵکی کوردستان قوربانیی زۆریان بۆ ئەم خاکە داوە، بۆیەش پێویستە بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی و بەدیهێنانی خەونەکانی ئەم میللەتە هەموومان هاوکار و پاڵپشتی پارتی بین.





تجربة إقليم كوردستان في البناء والأعمار و توفير الخدمات تجربة ناجحة بكل المقاييس، لتكرار تلك التجربة لأبناء واسط الكرام، صوتوا لمرشحنا في مدينة الكوت
حيدر محمد علي

لەپێناو بەرگریکردن لە توێژی لاوان،
دەنگمان بە کاندیدانی پارتییە



لەپێناو قووڵکردنەوەی لێبووردەیی ئاینی
دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین



Weekly
Gulan
September 13, 2021 Issue,No.1284

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- ............Wireless Networking
- ............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streammig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبەر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626